دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٥٢، هەینی ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢١ی ژوئەنی ٢٠١٩
www.kurdistanmedia.com

## پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان

زۆر بەڕێز/ جەنابی کاک مەسروور بارزانی

سڵاوێکی دۆستانە،

لە لایەن خۆم و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پیرۆزبایی گەرمتان پێشکەش دەکەم، بە بۆنەی هەڵبژاردنتان لە پارلمانی هەرێمی کوردستان وەک سەرۆک وەزیرانی ئەو هەرێمە.

بێگومان لەم قۆناغەدا کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ زۆر کێشە و کەموکووڕیی ناوخۆیی و دەرەکی بەرەوڕووە و چاوەڕوانیی خەڵکیش لە کابینەی نوێی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی بەڕێزتان لە ئاستێکی بەرزدایە، بەرپرسیارییەتییەکی زۆر گەورەتان کەوتووەتە سەرشان.

هیوادارین بە هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە و لە هەمان کاتدا، کەڵک وەرگرتنی بەجێ لە هەموو دەرفەتەکان، بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بن و هەرێمی کوردستان بەرەو کەناری ئارامی، ئاشتی و ئاوەدانی ڕاکێشن. لەگەڵ ڕێزی دووبارە

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٢ی جۆزەردانی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١٢ی ژوئەنی ٢٠١٩ی زایینی**



دژایەتی لەگەڵ شەڕ

٥



تێڕامانێک لەسەر هەڵکەوتەی هەنووکەیی...

٧



ئامریکا لە ژێر گوشاری ئابووری و بازرگانیدا....

٩WW



منداڵانی کار و گەڕان بە نێو زبڵەکاندا

١٠

# دیکتاتۆر خەوی لێ زڕا



فەرماندەی گشتیی سپای تێرۆریستی پاسداران، باسی لە بەزاندنی سنووری ئاسمانیی ئێران، لە لایەن درۆنێکی ئامریکاییەوە کردووە؛ پرسێک کە ئامریکا ڕەتی کردووەتەوە و ڕایگەیاندووە کە درۆنەکە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کراوەتە ئامانج.

هەواڵدەرییەکانی ڕێژیم ئاشکرایان کردووە، پاسدار "حوسێن سەلامی"، فەرماندەی گشتیی سپای تێرۆریستی پاسداران، سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ٣٠ی جۆزەردان، لە کۆنگرەیەکدا کە بۆ ٥٤٠٠ کەس لە کوژراو و قوربانییانی سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیم لە پارێزگای سنە گیرا، وتوویەتی: "سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئامریکایی، لە حاڵێکدا دەیەویست سنووری ئێران ببەزێنێت و هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئێمەوە، لە لایەن هێزەکانی هەوافەزای سپای پاسدارانەوە پێکراوە و لە ئاسماندا تەقێنراوەتەوە."

هەواڵدەرییەکانی ڕێژیم لە کاتێکدا هەواڵی ئاماژەبۆکراویان بڵاو کردووەتەوە کە "بیل ئۆربێن"، وتەبێژی ستادی ناوەندیی فەرماندەیی ئامریکا، "سێنتکام" ڕایگەیاندووە کە هیچ ئۆپەراسیۆنێکی درۆنی لە ئاسمانی ئێراندا ئەنجام نەدراوە؛ لێپرسراوێکی ئامریکاییش کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە "فاکسنیوزی" وتووە: "ئەم درۆنەی ئامریکا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لە هێڵە نێونەتەوەییەکاندا کراوەتە ئامانج."

ئەم ڕووداوە کە لەلایەکەوە بووە هۆ و مایەی دڵخۆشی خەڵکانی وەزاڵەهاتووی ئێران و ترسی خستە دڵی نوێنەرانی فاشیزمی تاران، کاردانەوەی بەپەلە و جیددی ئامریکای بەدواوە بوو؛ ئێوارەی هەمان ڕۆژ دانیشتنێکی بەپەلە لە کۆشکی سپی بۆ بەشێک لە نوێنەرانی باڵای کۆنگرەی ئامریکا بۆ ماوەی یەک کاتژمێر و نیو بەڕێوە چوو.

ئەگەرچی تائێستا وردەکارییەکانی ئەم دانیشتنە بڵاو نەکراوەتەوە بەڵام هەندێک لە بەشداربووانی ئەم دانیشتنە بەمشێوەیە ڕای خۆیان دەربڕی: میچ مەک کانێڵ سێناتۆری کۆماریخواز وتوویەتی ئەوەیکە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ئەو مووشەکەی بووە هۆی کەوتنەخوارەوەی درۆنەکەمان لە خاکی ئێرانەوە هاویشتراوە و ئێستە سەرقاڵی تاوتوێ کردنی دانی وڵامێکی گونجاوین بەم کردەوەی ڕێژیم.

هەروەها نانسی پلۆسی، سەرۆکی مەجلیسی نوێنەران لە ڕاگەیەندراوێکدا وتوویەتی: ئەمە بارودۆخێکی مەترسیدارە، ئاڵۆزییەکان لەوپەڕی خۆیاندان بۆیە پێویستە بەهێز، ژیرانە و ستراتێژیک هەنگاو بنێین؛ دەبێ هەموو لایەک ئەوە بزانن کە ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێکی دوژمنکار و مەترسیدار بەرەوڕووین کە هەوڵ دەدات ئاژاوە بنێتەوە و ئاڵۆزییەکان قووڵتر بکاتەوە.

دانڵد ترامپیش سەبارەت بە دژکردەوەی وڵاتەکەی وتوویەتی: تا ماوەیەکی تر ڕوون دەبێتەوە. من نامهەوێ سەبارەت بەم پرسە قسە بکەم تەنیا دەڵێم ئێران هەڵەیەکی گەورەی کرد.

بەوتەی فەرماندەی سێنتکام درۆنە ئامریکاییەکە بە مووشەکی زەوی بە هەوای سپای پاسداران و لە ٣٤ کیلۆمێتری کەناراوەکانی ئێران کراوەتە ئامانج؛ بەپێی یاساوڕێسا نێودەوڵەتییەکان ١٢ مایلی دەریایی واتە ٢٢ کیلۆمێتر سنووری وڵاتان بە ئەژمار دێت.

لەلایەکی دیکەوە نوێنەری هەمیشەیی ڕێژیم لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی پێنجشەممە نامەیەکی بۆ سکرتێر و سەرۆکی شۆڕایئەمنیەتی ئەم ڕێکخراوە ناردووە و تێیدا باسی لەوە کردووە کە تاران خوازیاری شەڕ نییە و تەنیا بەرگری لوە خۆی دەکات! هاوکات جێگری سیاسی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم لە پێوەندییەکدا لەگەڵ باڵوێزی سویس لە تاران وەکوو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئامریکا ئێعترازی کردووە کە گوایە ئامریکا سنوورەکانی ئێرانی بەزاندووە.

کۆی ئەم لێدوانانە لە کاتێکدان کە نیۆیۆرکتایمز لە ژمارەی ڕۆژی پێنجشەممەی خۆێدا لەسەر زاری لێپرسراوە ئامریکاییەکانەوە بڵاوی کردۆتەوە کە ترامپ لە دژکردەوە بە خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئامریکاییەکە بڕیاری " هێرشی سنووردار" بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەرکرد بەڵام لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنە، هێرشەکە ڕاگیرا.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاماژەبۆکراو بڕیار بووە کاتژمێر ٧ی ئێوارە بە کاتی واشینگتۆن هێرشێکی پلاندارێژراو بۆ سەر ڕێژەیەکی دیاریکراو لە بنکە سەربازییەکانی ئێران لەوانە ناوەندە ڕادارییەکان و پەدافەندی مووشەکی ئەنجام بدرێت بەڵام لە دواساتەکانی دەسپێکی ئۆپەراسیۆنەکە ترامپ بڕیارەکەی هەڵوەشاندۆتەوە؛ هەرچەند نیۆیۆرکتایمز نووسیویەتی تا ئێستە ڕوون نییە ئەم هێرشە بەگشتی هەڵوەشاوەتەوە یان بەشێوەی کاتی ڕاگیراوە؟! ئەم پرسە لەلایەن خودی ترامپیشەوە تەئید کراوە؛ ناوبراو لە چەند تویتدا ئاشکرای کردووە کە تەنیا ١٠ خولەک پێش لە هێرش بۆسەر بنکە و بارەگاکانی ئێران بڕیاری ڕاگرتنی هێرشەکانی دەرکردووە.

هەر لەمبارەوە ئەمڕۆ هەینی ٣١ی جۆزەردان، هەواڵدەریی ڕۆیتێرز لە ڕاپۆرتێکی تایبەتدا ئاشکرای کرد کە دانڵد ترامپ هۆشدارێکی جیددی بە گەورەلێپرسراوانی ئێرانی داوە و لە ڕێگەی عەممانەوە باسی لە "هێرشێکی نێزیک و لەناکاو" کردووە؛ ئەگەرچی هەواڵدەرییەکانی ڕێژیمی تاران حاشا لە بوونی وەها نامەیەک دەکەن بەڵام فاکس نیوز پشتڕاستی کردۆتەوە و ڕایگەیاندووە: لەم پەیامەدا هاتووە: ئامریکا خوازیاری شەڕ نییە و داوای وتووێژ دەکات بۆیە ئێران زۆر زوو وڵام بداتەوە!

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوانە کۆمپانیای فڕۆکەوانیی "کانتاس"ی ئۆستڕالیا و کۆمپانیای فڕۆکەوانیی هۆلەندیی KLM دەزگای هەواپێوی فێدڕاڵی ئامریکا و بریتیش ئەیرویزی بریتانیا هەموو هاتوچۆیەکی فڕۆکەکانی خۆیان لەسەر ئاوەکانی کەنداو و گەرووی هۆرمۆز قەدەغە ڕاگەیاند.

فاکسنیوز هەروەها نووسیویەتی: وێدەچێ ترامپ لە ئیزننامەی پەسندکراوی ساڵی ٢٠٠١ دژ بە ئەلقاعیدە و پێوەندی ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کەڵک وەربگری تاکوو دامەزراوە ناوکییەکانی نەتەنز بکاتە ئامانج.

بەگشتی ئەوەیکە هەنووکە سەبارەت بە ئێران هاتووەتە گۆڕێ، بریتییە لە ترس و زەندەق و زراوچوونێکی بەتەواوی مانا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەچەشنێک کە خەوی خۆشی لێ حەرام کردوون هەربۆیە وەک فاکسنیوز ئاشکرای کردووە هەموو هێزەکانی خۆیان لە حاڵەتی ئامادەباشی داناوە.

پەیڤ

## ئەم جارە دژوارە

**کەریم پەرویزی**

بەرپرسانی نیزامی و پاسدارانی ڕێژیم هەڕەشەی داختی گەرووی هۆرمۆز و تێکدانی ناوچەکە دەکەن. خامنەیی و ڕوحانیی و بەناو سیاسییەکانیشیان باس لە خۆڕاگرییان و بەچۆکدا هێنانی ئامریکا دەکەن و هەڕەشەش دەکەن کە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچە دەخەنە مەترسییەوە. بەشێک لە بەناو دیپلۆماتەکانیان لە ناوچە و دونیادا بڵاو دەبنەوە کە داهاتوویەکی پڕ لە شەڕ و ئاڵۆزی نیشان بدەن و سیاسییەکانی ئامریکا و ڕۆژاوا لەوە بترسێنن کە گوشاری زیاتر بۆ ئێران دەبێتە هۆی ماڵوێرانی و ئاژاوەی زیاتر و تریاک و پەنابەر بە لێشاو بەرەو ئورووپا دەنێردرێن.

ئەمە کۆی سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە لە بەرامبەر دەوری تازەی گوشارەکانی ئامریکا بۆ سەر ئەم ڕێژیمە. ستراتێژیی کۆماری ئیسلامی لەم قۆناخەدا وادیارە کە بریتی بێ لە زیادنیشاندانی هەزینەی کردەوەکانی ئامریکا و بە کردەوەی نیزامیشەوە.

بە واتایەکی دیکە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە هەموو تاکتیکە دیپلۆماتیک و هەڕەشەی نیزامی و پاسدارەکانی و تێکهەڵچوونە سنوورداره‌کان و گەفە سیاسییەکانی وا بنوێنێ کە هەر کردەوەیەکی چ سیاسی و ئابووری و چ نیزامیی ئامریکا هەزینەی یەکجار زۆری بۆ جیهان و ناوچە دەبێ و هەر وەکوو بەرپرسانی ئامریکایی وتیان، ڕێژیمی تاران دەیهەوێ لە ڕێگەی باجگیرییەوە درێژە بە مانەوە و سیاسەتەکانی بدا.

سیاسەتی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر ئەو بنەمایەش دامەزراوە، بریتی بووە لە شەڕخوازی و ئاژاوەنانەوە، لەژێر ناوی جۆربەجۆر وەکوو هەناردەکردنی شۆڕش یان ڕزگاریی قودس یان لەم ساڵانەدا، پەرەدان بە بەرەی «مقاومت» و دروستکردنی هیلالی شیعیدا بووە.

لە ڕاستای ئەم سیاسەتەدا بووە کە خومەینی دەیگوت شەڕ نێعمەتێکی ئیلاهییە، یان خامنەیی دەڵێ شەڕی مانەوەمان و خۆڕاگری لە سووریە و لوبنان دەکەین دەنا مەجبوور دەبین لە خووزستان و لە نێو ئێران شەڕیان لەگەڵ بکەین!

ئەم سیستمە ئیدئۆلۆژیکە بۆ داپۆشینی گەندەڵی و ناتوانی و نەزانی و خوراﻓاتەکەی، پێویستی بە ئاژاوە بووە و ئێستەش زیاتر لە هەموو کات ئاژاوە بە شتێکی پێویست دەزانێ.

نەبوونی پێگەی نێوخۆیی، کە لە خودی قسەکانی خامنەییدا دەردەکەوێ؛ ترسێکی زۆری لای ئەم ڕێژیمە دروست کردووە و بەردەوام پێی وایە دوژمن درزی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕوونکردنەوەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران»

نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە "هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران" ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە لێدوانێکی ئەم هاوپێوەندییە بۆ بیر و ڕای گشتی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕوونکردنەوەکە بەم چەشنەیە:

ڕوونکردنەوە بۆ بیروڕای گشتی

پاش دەستپێکردنی گرژییەکان لە نێوان ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و هەندێ وڵاتی دیکە، "هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لەئێران" کە لە ١٠ حیزب و لایەن، لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هاتووە، لەڕێکەوتی ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٨ بەرانبەر بە٢٣ی مای ٢٠١٩، بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە.

ئەم بەیاننامە کە لە ژێر سەردێڕی "بەرزبوونەوەی ئاستی گرژیەکان، زۆربوونی مەترسی شەڕ دەرفەتێک بۆ سەرکوتی خەباتی خەڵک دژ بە ڕژیمی سەرکوتکەر و فاسدی کۆماری ئیسلامی ئێران" بڵاوکراوەتەوە، بۆتە هۆی نیگەرانی بەشێک لە ئەندامانی حیزب و هەروەها بەشێک لەدۆستان و لایەنگرانی حیزبەکەمان.

لە ڕێگەی ئەم ڕوونکردنەوە بیر و ڕای گشتیی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە هەمووی دەقی ئەم بەیاننامەیە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سیاسەتە گرژیی‌خولقێنەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەکوو هۆکاری سەرەکی دروست بوونی ئەم قەیرانە دەبینێ.

حیزبی دێموکرات هەمیشە لەو کردەوانە کە لە چوارچێوەی ڕووخانی ڕژیم یان لاواز کردنی ئەم ڕژیمە دژەمرۆڤە ئەنجام دەدرێن، پێشوازی کردووە و لەسەر ئەو سیاسەتەش بەردەوامە.

لێرەدا، هەڵەیەک لەلایان نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە "هاوپێوەندی" ڕووی داوە و لە بەر ئەوە داوای لێبوردن دەکەین.

نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە "هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران"

**٢٦ی جۆزەردانی ١٣٩٨ بەرانبەر بە ١٥ی ژوئەنی ٢٠١٩**

# شاندێکی (ENKS) سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد




شاندێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە، لە دیدارێکدا لەگەڵ حیزبی دێموکرات، کۆمەڵێک بابەتی جێگەی سەرنجی هاوبەشیان تاوتوێ کرد.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٩٨ی هەتاوی، شاندێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی "مستەفا هیجری"، لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە سەرەتای ئەو دیدارەدا، "محەمەد ئیسماعیل"، جێگری سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە، سپاسی پێشوازیی گەرمی حیزبی دێموکراتی لە شاندەکەیان کرد. ناوبراو دواتر وێڕای ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و مێژووی سەرهەڵدانەکانی کورد لەو بەشەدا، باسی لەسەر کۆسپەکانی سەر ڕێگای یەکڕیزی و یەکگرتوویی لایەنەکان لەو پارچەیەی کوردستاندا کرد.

پاشان "مستەفا هیجری"، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان، باسێکی لەسەر بارودۆخی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات و دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە پێشکەش کرد.

"هیجری" لە وتەکانیدا ئاوڕی لە پەیوەندی و کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا دایەوە و ڕایگەیاند: "هەڵسوکەوتی ڕابردووی ڕێژیمی ئێران پێمان دەڵێت کە کۆماری ئیسلامی لە دۆخی گوشار و لاوازیدا مل بۆ دانوستان و تەسلیمبوون بەرانبەر بە هێز و لایەنە دەرەکییەکان ڕادەکێشێت."

ناوبراو هەروەها ئاماژەی بە هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی بەرە یان هاوپەیمانییەکی بەربڵاو لە ئاستی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێراندا بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد.

لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا، وەفدەکانی هەردوو لا جەختیان لەسەر پێویستیی هاوکاری و بیروڕا گۆڕینەوەی زیاتر لە داهاتوودا کردەوە.

شاندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە لەم دیدارەدا پێک هاتبوون لە:

سولەیمان عەبدولمەجید ئۆسۆ، سکرتێری حیزبی یەکیەتیی کوردستانی سووریە

محەمەد ئیسماعیل، جێگری سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە

فەیسەل یووسف، سکرتێری تەڤگەری چاکسازیی کورد لە سووریە

نیعمەت داوود، سکرتێری حیزبی وەکهەڤی لە سووریە

فەسلە یووسف، سکرتێری حیزبی یەکیەتیی دێموکراتیکی کوردستانی سووریە

نەواف ڕەشید، سەرۆکی نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سووریە لە هەرێمی کوردستان

جەدعان یووسف، ئەندامی نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سووریە لە هەرێمی کوردستان

# مستەفا هیجری
## لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی یاسایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری کرد

ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی یاسایی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان، لە دانیشتنێکی تایبەتی پارلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠ی جۆزەردانی ٢٧١٩ی کوردی، ١٠ی ژوئەنی ٢٠١٩ی زایینی، لە دانیشتنێکی پارلەمانی کوردستان و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا و بە ئامادەبوونی سەدان میوانی کوردستانی، عێراقی و جیهانی، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، سوێندی یاسایی خوارد و وەکوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستبەکار دەبێت.

لەو ڕێوڕەسمەدا شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزب بەشدار بوون، کە وێڕای پیرۆزبایی لە سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان، لەسەر سیاسەتی پاڵپشتیکردن لە هەرێمی کوردستان جەختیان کردەوە و ئەو کیانە سیاسییەیان بە دەسکەوتێکی گرنگی نەتەوەیی کورد زانی.

ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی، لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە پێتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو. بۆ ئەو ڕێوڕەسمە لەسەر ئاستی جیهاندا، ١٢٠٠ میوان بانگهێشت کرابوون.

لە مێژووی هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا، ئەو ڕێوڕەسمە "گەورەترین و ئاستبەرزترین پرۆتۆکۆل بووە و یەکەمینجارە مەراسمی بەم شێوەیە ڕێك دەخرێت، ئامانجەکەش ئەوەیە ببێتە هەلێک بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان و دەزگا باڵاکانی جارێکی دیکە پیشانی جیهان بدرێنەوە.

# شاندێکی حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد



شاندێکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی چەند حیزبی ڕۆژئاوای کوردستان، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی شەممە، ٢٥ی جۆزەردان، شاندێکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی چەند حیزبی ڕۆژئاوای کوردستان بە سەرپەرستیی "شاهۆز حەسەن"، هاوسەرۆکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک (پەیەدە)، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێک بە سەرپەرستیی "مستەفا هیجری"، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتەوە، پێشوازییان لێ کرا.

لەم دیدارەی شاندی حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و هەیئەتی حیزبی دێموکراتدا، باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد تاوتوێ کران.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا، "شاهۆز حەسەن"، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو چاوپێکەوتنەیە، سپاس و پێزانینی خۆی و شاندی هاوڕێی بە بۆنەی پێشوازیی گەرمی حیزبی دێموکرات، دەربڕی.

پاشان ناوبراو، باسێکی لەسەر سەرکەوتنەکانی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لە شەڕی دژ بە تێرۆر و هەروەها پرۆسەی سیاسی لە باکووری کوردستان پێشکەش کرد. هەروەها لە درێژەدا ئاماژەی بە هەڕەشەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بۆ سەر نەتەوەی کورد بەگشتی کرد و پێی وابوو کە ئاڵوگۆڕەکانی ئێران دەتوانێت دەرفەتێکی باش بۆ بزووتنەوەی کورد لەم پارچەیەدا بڕەخسێنێت.

"شاهۆز حەسەن" جەختی کردەوە کە دۆخی ئێستای ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، ئەوە دەخوازێت کە حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە یەکگرتوویی و یەکیتییەکی نەتەوەیی بەهێزەوە لە بەرانبەر هەڕەشەکاندا بووەستن.

دواتر، "مستەفا هیجری"، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرکەوتنەکانی کوردی لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان، بەتایبەتی لە شەڕ دژ بە تێرۆردا بەرز نرخاند. ناوبراو هەروەها جەختی لەسەرپێویستیی ناسینی خاڵە لاوازەکان و کەموکۆڕییەکان کردەوە و ڕایگەیاند: "نابێ ڕێگە بدەین دوژمنانی نەتەوەکەمان بە قۆستنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکانی کورد، ڕیزەکانمان تووشی لێکترازان و دووبەرەکی بکەن."

لە درێژەی دیدارەکەدا، نوێنەرانی هەر کام لە لایەنەکانی دیکەش، ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر باس و بابەتەکان خستە ڕوو.

لە کۆتاییشدا وەفدەکانی هەر دوو لا، جەختیان لەسەر بەردەوامبوونی هاوکاری و هاوهەڵوێستی کردەوە و پێداگرییان لەسەر پێویستیی درێژەدان بە دیدار و چاوپێکەوتنەکان بە مەبەستی لێکتێگەیشتنی زیاتر لە نێوان لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کردەوە.

شاندی لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەم دیدارەدا، پێک هاتبوون لە:

"شاهۆز حەسەن"، هاوسەرۆکی پارتی یەکیەتیی دێمۆکراتیک (پەیەدە)

"جەمال شێخ باقی"، سەرۆکی پارتی دێمۆکراتی کوردی سووریە

"موحەمەد مووسا"، سکرتێری پارتی چەپی سووریە

"مستەفا مەشایخ"، جێگری سەرۆکی پارتی یەکیەتیی دێموکرات

"فەتحوڵڵا حسێنی"، نوێنەری پارتی چەپی سووریە لە باشووری کوردستان

"هەڤاڵ هووشەنگ"، نوێنەری مەجلیسی ڕۆژئاوا

"سولەیمان عەرەب"، نوێنەری پەیەدە لە باشووری کوردستان

"جیهان خەلیل"، نوێنەری کۆنگرەیا ستار لە باشووری کوردستان

# حیزبی دێموکرات
## لەگەڵ حیزبەکانی باکووری کوردستان کۆ بووەوە



شاندی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری "ئامەد"ی باکووری کوردستان، کۆمەڵێك دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان و حیزبەکانی باکووری کوردستان پێک هێنا.

ڕۆژانی هەینی و شەممە، ڕێکەوتی ١٧و ١٨ی جۆزەردان، لەسەر ڕاسپاردەی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شاندێکی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، پێکهاتوو لە "محەممەدسالْح قادری"، بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکان و "فەرهاد میرۆزادە"، کادری دێرینی حیزبی دێموکرات، لە زنجیرە دیدارێکی دۆستانەدا کە دوو ڕۆژی خایاند، سەردانی هەرکام لە ڕێکخراو و حیزبەکانی باکووری کوردستان و تورکیە بە ناوەکانی : "وەقفی ئیسمائیل بێشکچی هەدەپە"، "پارتی سۆسیالیستی کوردستان"، "پارتی ئازادی کوردستان"، "هاکپار"، "پلاتفۆرمی نەتەوەپەروەرانی کوردستان"، "پارتی دێموکراتی کوردستان - تورکیە"یان کرد و لە لایەن کۆمەڵێك کەسایەتیی سیاسی، ڕووناکبیر و پارلەمانتاری هەدەپە و سەرۆك و سەرکردایەتی ئەو حیزبانەوە بەگەرمی پێشوازییان لێ کرا.

شاندی حیزبی دێموکرات لە کۆی ئەو چاوپێکەوتنانەدا تیشکی خستەسەر بارودۆخی ئێستای جووڵانەوەی نەتەوەییی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستیی پشتیوانی حیزب و لایەنە خەباتکارەکانی باکوور و بەشەکانی دیکەی کوردستان لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی و هەروەها پتەوکردنی یەکڕیزی و هاوکاریی نێوان هێز و لایەنە کوردستانییەکان لەم قۆناغە هەستیارەی کە کوردستان لە نێوان هاوکێشە سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەکاندا تێپەڕی دەکات

تێکڕای حیزب و لایەنە ناوبراوەکان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان لەو بەسەرکردنەوەی شاندی حیزبی دێموکرات، هاوسۆزی و پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی و بەوپەڕی ڕێزەوە هیواخواز بوون، کە ئەو پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و زانیارییانە لە نێوانیاندا گەرمتر و بەردەوامتر بێت.

# سێمینارێک لەسەر
# ساڵوەگەڕی تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو بەڕێوە چوو



لە شاری ئامەد سەر بە کوردستانی باکوور سێمینارێک بۆ سیهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە، ١٩ی جۆزەردان، کاتژمێر ١ی دوانیوۆڕ، بەپێی بەرنامەیەک کە لە لایەن وەقفی "ئیسماعیل بێشکچی"، لە شاری "ئامەد" ڕێك خرابوو، سێمینارێک بۆ سیهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو بەڕێوە چوو.

ئەو سێمینارە بە بەشداریی هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات، بە سەرپەرەستیی "محەممەدساڵح قادری" بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات و بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە هێز و لایەنە سیاسییەکان، ڕووناکبیر و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی باکووری کوردستان و میدیاکان، بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بەڕێوە چوو، سێمینارەکە بە پێشاندانی فیلمێکی دیکومێنتاری کە بڕگەکانی ژیان و خەباتی دکتور قاسملووی لە خۆ گرتبوو، دەستی بە کارەکانی کرد.

وتاربێژانی ئەو سێمینارە بریتی بوون: مامۆستا "ئیسماعیل بێشکچی" گەورە نووسەر و ڕووناکبیری ناسراوی تورکیە و دۆستی ڕاستەقینەی دۆزی ڕەوای کورد، "محەممەدساڵح قادری"، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، "مەسعود تەک"، سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان و "ئیبراهیم گوچلوو"، ڕووناکبیر و تێکۆشەری دێرینی باکووری کوردستان.

وتاربێژانی سێمینارەکە لە بوارەکانی تایبەت بە مێژووی بزووتنەوەی کورد، پیلانی نەیاران بۆ کوشتنی ڕێبەرانیان و بەبێ ماف هێشتنەوەیان، ئامانجی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تێرۆری دوکتور قاسملوو و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، کاریگەرییەکانی ئەو تێرۆرانە لەسەر جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کورتەمێژووی حیزبی دێموکرات، ڕۆڵ و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە سەرۆکایەتیکردنی حیزبی دێموکرات و پێشەنگایەتی جووڵانەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ئاستی نێوخۆ و لە جیهاندا، بۆ بەشداربووان دوان، کە کۆی باسەکان بوونە مایەی سەرنج و پێشوازی بەشداربووان.

دوابەشی سێمینارەکە تەرخان کرا بۆ پرسیاری بەشداربووان و وڵامی پانێلیستەکان و بە شەرمەزارکردنی ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران و بەرزڕاگرتنی ناو و یادی دوکتور قاسملوو و بە دەربڕینی هاوسۆزیی پشتیوانیی بەشداربووان لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

لە پەراوێزی کاری سێمینارەکەدا، محەممەدساڵح قادری چەندین لێدوانی سەبارەت بەو سێمینارە و بارودۆخی جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ کاناڵە ڕاگەیاندنەکان دا.

# پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، چەندین دیدار و کۆبوونەوەی ئەنجام دا



پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی "محەممەدساڵح قادری"، چەندین دیدار و کۆبوونەوەی ئەنجام دا.

ڕۆژی سێشەممە، ٢١ی جۆزەردان، لە نێوان شاندی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی "محەممەدساڵح قادری"، لەگەڵ هەر کام لە "فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی کوردەکانی سۆڤیەتی پێشوو"، بە سەرپەرستیی پرۆفیسۆر "کنیاز ئیبراهیم" و "نەبیۆف یوری شامیلۆڤیچ"، سەرۆکی کۆمەڵەی هاوکاری بۆ گەلی کورد و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ڕێیا تازە"، "کەندال نەزان"، سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە فەرانسە، "کەیا ئیزۆل"، سەرۆکی فێدراسیۆنی کورد لە سوئید و کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و ڕووناکبیر، چەندین کۆبوونەوە و دیدار ئەنجام درا.

لەم دیدارانەدا، جەخت لەسەر گرنگیی پەیوەندی و هاوکاریی نێوانیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم قۆناغەدا کرایەوە.

هەروەها، تایبەتی جەخت لەسەر هاوئاهەنگی بۆ بەرنامەی چالاکیی بەربڵاو بۆ بەرزڕاگرتنی یادی سیهەمین ساڵوەگەڕی تراژێدیای تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو لە لایەن ڕێژیمی تێرۆریستی ئێرانەوە، کرایەوە، بۆ ئەوەی کوردی دیاسپۆرا بتوانن لە وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتانی ئورووپایی بە ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لەم بارەیەوە، ماهییەتی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەقاو بدەن و شەرمەزاری بکەن.

# پۆلێک لە کوڕان و کیژانی شۆڕشگێڕ چەکی پارێزگاری لە نیشتمانیان کردە شان



لە چیاکانی کوردستان ڕێوڕەسمی دەورەی سەرەتاییی پێشمەرگە بەڕێوە چوو و ژمارەیەک لە قوتابییانی دێموکرات پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگایەتییەوە بوون.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠ی جۆزەردان لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا، دەورەی ٢٣٦ی سەرەتاییی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، فەرماندە نیزامییەکان، کادری سیاسی و نیزامی؛ پێشمەرگە و میوانان بەڕێوە چوو.

لە دەسپێکی ئەو ڕێوڕەسمەدا بە سانی نیزامی پێشوازی لە ئەندامی ناوەندیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، "ڕەحیم مەنگوڕی" کرا.

لە سەرەتای ئەو مەراسمەدا، سروودی دوژمنشکێنی "ئەی ڕەقیب" خوێندرایەوە و پاشان بۆ ڕێزگرتن لە گیانفیدایی ڕۆڵەکانی کوردستان و شەهیدانی کورد و کوردستان، خولەکێک بە بێدەنگی بە پێوە ڕاوەستان.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بەشداربووانی دەورەی سەرەتاییی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کارتی پێشمەرگایەتیان پێ بەخشرا.

هاوکات لە بەشێکی دیکەدا، بەشداربووانی دەورە سوێندی نیشتمانییان خوارد، کە وەفادار بە ڕێباز و ئامانجی شەهیدان دەمێننەوە.

دواتر لە لایەن پێشکەشکاری مەراسمەکە بەخێرهاتنی سەرجەم میوانان کرا.

پاشان "ڕەحیم مەنگوڕی"، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەی سەرەتاییی ٢٣٦ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

دوای وتەکانی بەڕێز "مەنگوڕی"، سروودی قاسملوو لە لایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.

لە نێوئاخنی مەراسمەکەدا، ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە، لە لایەن "هێمن ڕەسووڵئابادی"، مامۆستای فێرگەوە پێشکەش کرا.

پاشان پەیامی بەشداربووانی دەورە، لە لایەن "شۆڕش ئابدانان"، بەشداربووی دەورەوە پێشکەش کرا.

دواتر گۆرانییەک لە لایەن "ئومید قادری" بەشداربووی دەورە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، کەسە یەکەم هەتا سێهەمەکان، لە بواری تاقیکاریی سیاسی و نیزامی و نەزم و دیسیپلینەوە، لە لایەن "بەهمەن دێهقان"، فەرماندەی هێزی ١١٥ـەوە خەڵاتیان پێ بەخشرا.

لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا، گۆرانییەک لە لایەن "میلاد قادری" و بەندێک لە لایەن "ئاوات بایزیدی"یەوە پێشکەش کران.

## درێژەی پەیڤ

کردۆتە نێو خەڵک!

ئەمە و سیاسەتی فراوانخوازی و توندڕەوی بەرەو ئاژاوەگێڕی زیاتر لە ناوچە هانی داون. لەم ڕاستایەشدا بووە کە هەرچەند لە چوارچێوەی بەرجامدا لەگەڵ ئامریکا و ئورووپا و ڕووسیە و چین ڕێککەوتن، بەڵام دەستیان لە مووشەک هەڵدان و ناردنی پاسداران بۆ دەوروبەر و تیرۆر و شەڕەنگێزی هەڵنەگرت تا ئەو جێگەیە کە ئێستا ئەگەری تێکهەڵچوونی گەوری نیزامی زەندەقی بردوون.

سیاسەتی شەڕخوازی و ئاژاوەگێڕی تاکوو ئێستا هۆکاری سەرەکیی مانەوەی ئەم ڕێژیمە بووە کە لەژێر ناوی دوژمنی دەرەکیدا هەم تیرۆریست و گرووپی توندئاژۆیان لە ناوچە پەرە پێ داوە و هەم لە نێو ئێراندا سەرکوتی خەڵکیان بە ئاسوودەیی بەڕێوە بردووە.

بەڵام ئەمجارە دۆخەکە دژوارە بۆیان؛ هەرچەند پێویستیان بەوە هەیە کە هەندێک بارگرژی دروست بێ تاکوو لە کاتی تەسلیمبووندا ئیمتیازی زۆرتر بەدەست بێنن، بەڵام ئەم بارگرژییانە لە بارگرژییەکانی پێشوو ناچێ! ئەمجارە باسی مان و نەمانە و هەڵەیەک ئیمکانی بۆمبارانی جەماران بە بۆمبهاوێژی بی ٥٢ دەرەخسێنێ! بۆیە خامنەیی لە گوڕەگوڕی جاران کەوتووە چوونکە ئاگرەکەی ماڵی خۆی دەگرێتەوە.

# شار پشتیوانی هەمیشەیی شاخە




ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، لە شارەکانی کوردستاندا، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بۆ پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان بەڕێوە برد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٦ی جۆزەردان، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز، شنۆ و لە گوندی دزەی مەرگەوەڕ سەربە شاری ورمێ، بۆ پشتیوانیی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاسان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، درێژەدانی ڕێبازی شەهیدان، چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز، لەگەڵ نزیکبوونەوەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵیادی تێرۆرکردنی ڕێبەری ناوداری گەلی کورد ـ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ـ وێڕای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبەری نەمر نوێ کردەوە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات، وێڕای سڵاو لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرەبەری سیهەمین ساڵیادی تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو پەیمانیان نوێ کردەوە، کە تا دوایین دڵۆپی خوێن درێژەدەری ڕێبازی پڕ لە شانازی و سەروەریی د. قاسملوو و هەموو شەهیدان دەبن.

هاوکات، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری شنۆ بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت لە شوێنەکانی وەک: جادەی شنۆ - قوروشاوێ، جادەی شنۆ - حەسەن نووران، گوندەکانی خالتاوێ، سەرگێز و پرداوێ چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە گوندی دزەی مەرگەوەر، سەربە شاری ورمێ بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات، ناسراو بە ڕاسان، بە نووسینی دروشمی تایبەت لەسەر دیوارەکان چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

تێکۆشەرانی دێموکرات، لە گوندی دزەی مەرگەوەر، بە نووسینی دروشمی وەک: بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی پێشمەرگە، بژی ڕاسان و پێشمەرگە ڕەمزی سەرکەوتنی گەلە، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

سەرەڕای زاڵبوونی کەشێکی ئەمنی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا، تێکۆشەران و قارەمانانی دێموکرات لە شارەکانی "سنە" و "بۆکان" و لە گوندی "نێ"ی سەربە شاری مەریواندا، بە شێوەیەکی بەربڵاو، یاد و ناوی ڕێبەری ناوداری کورد، دوکتور قاسملوویان، بەرز ڕاگرت و بەو بۆنەوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری سنەدا، سەدان تراکت و پۆستێری تایبەت بە ڕێبەرانی شەهید، بەرزنرخاندنی ناوی پێشمەرگە و بێزاری لە ڕێژیمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێرانیان، لە شوێنە گشتیەکانی ئەو شارەدا، بڵاو کردەوە.

هاوکات، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی " نێ"ی سەربە شاری مەریواندا، بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەری نەمر، شەهید دوکتور قاسملوو و نووسینی "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان"، "بژی ڕاسان" و "بژی قاسملوو"، چالاکیی بەرینی تەبلیغیان بەڕێوە برد.

هەروەها، تێکۆشەرانی دێموکرات، لە شاری بۆکاندا، بە نووسینی: "بژی حیزبی دێموکرات" و "قاسملوو نامرێ"، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاسانی خۆرهەڵات دووپات کردەوە.

شەوی دووشەممە، ١٣ی جۆزەردان، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەسەر مەزاری شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە گوندی دزەی مەرگەوەڕ سەربە شاری ورمێ، بە هەڵدانی ئاڵای کوردستان و جامانە و هەروەها بە نووسینی دروشمی "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، "بژی ڕاسان" و "بژی پێشمەرگە" چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە،١٤ی جۆزەردان، هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران هێرشیان بۆ سەر مەزاری شەهیدان گوندی دزەی مەرگەوەڕ کردبوو، کە ئاڵای کوردستان لەو شوێنە بهێنە خوارەوە و دروشم و نووسراوەکان بسڕنەوە، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچەیە کە بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزان سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کردبوو، بەرەنگاری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەبنەوە و لەو شوێنە دەریان دەکەن.

هەر لەم پەیوندییەدا، قارەمانانی دێموکرات لە بەرزاییەکانی شاری مەهاباد بە هەڵدانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی جۆزەردان، ئەندامان و لایەنگرانی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە شاری شنۆ، بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات، کە بە ڕاسان ناودێر کراوە، بە نووسینی درووشمی تایبەت لەسەر دیوارەکانی ئەو شارە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لەو شارەدا، بە نووسینی دروشمگەلێک وەک: "بژی ڕاسان، سەرکەوێ ڕاسان، ڕاسان بەردەوامە، بژی ڕاسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، پەیامی هاودڵی و پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاسان و خەباتی پێشمەرگە بە کوردستانیان ڕاگەیاندووە.

هاوکات، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری شنۆ بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت لە شوێنەکانی وەک: جادەی شنۆ - قوروشاوێ، جادەی شنۆ - حەسەن نووران، گوندەکانی خالتاوێ، سەرگێز و پرداوێ چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ڕۆژی هەینی، ١٧ی جۆزەردان، بوێران و درێژەدەرانی ڕێبازی شەهیدان لە شاری سنە، لە چەند ناوچە و گەڕەکی شار، بە بڵاوکردنەوە و داکوتانی پوستێری "ڕێبەرانی نەمری حیزب، ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لۆگۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان"، ناوچە و گەڕەکەکانی شاریان نەخشاندەوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغی تێدا بەڕێوەچوو، بریتین لە: "دووشان، شارەکی بێعسەت، شارەکی کوردستان، شارەکی ئەندیشە و هەروەها گەڕەکەکانی عەباس‌ئاوا، گوڵشەن، پیرمحەمەد، ئاغە زەمان، نەبوەت و گرێزە."

هەروەها، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوندی "وسووکەند"ی ناوچەی شاروێرانی مەهاباد، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بوون بە مایەی دڵخۆشیی خەڵکی گوندەکە و تووڕەیی و ڕقی ڕێژیم. ئاڵای پیرۆزی کوردستان، پاش چەند کاتژمێرێک، لە لایەن مۆرەکانی ڕێژیمەوە هێنرایە خوارەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا، چاونەترسانی دێموکرات لە کوێستانی مێرگەمیری شاری شنۆ، بە نووسینی دروشم، پشتیوانیی خۆیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگە و خەباتە ڕەواکەی، دەربڕی.

دروشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوون لە: "بژی دێموکرات، بژی پێشمەرگە، سەرکەوێ ڕاسان و بژی تیشک."

ڕۆژی یەکشەممە، ١٩ی جۆزەردان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوندی "گوندەوێڵە"، سەربە شاری شنۆ، بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات، ناسراو بە ڕاسان، بە نووسینی درووشمی تایبەت لەسەر دیوارەکان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات بە نووسینی دروشمگەلێکی وەک "بژی ڕاسان" و "ڕاسان تا لووتکە بەردەوامە"، پەیامی هاودڵی و پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاسان و خەباتی پێشمەرگە بە کوردستانیان ڕاگەیاند.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠ی جۆزەردان، تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەیەکی بەرین لە نێوان سنە و مەریواندا، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی "د. عەبدولڕەحمان قاسملوو"، چالاکییەکی بەرینی تەبلیغییان، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بڵاو کردنەوەی ٤٤٦ پۆستێر و تراکت و لۆگۆی هێزی پێشمەرگە بەڕێوە برد.

چاونەترسانی دێموکرات لەو چالاکییەدا، بە ڕۆژی ڕووناک و بە بوێرییەکی شێرانەوە، ئەو چالاکییانەیان لە کۆمەڵێک لە شاخ و گوندەکانی ئەو ناوچەیە بەڕێوە بردووە، کە لە لایەن ڕێژیمەوە بە شوێنە ستراتێژیکییەکان بە هەژمار دێن.

ئەندامانی دڵسۆزی حیزب، ئەو تراکت و پۆستێرانەیان لە شوێنە گەشتیارییەکان، خانەباخ و سەر ڕێگا سەرەکییەکان بڵاو کردووەتەوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکییان لێ ئەنجام دراوە، بریتین: "ناوچەی کەڵاتەرزان سەربە سنە، گوندی میانە، گوندی زۆنج، گوندی نێژڵ، گوندی سوورکەوڵ، گوندی بییەر، گوندی گڵیە، شاخەکانی پیازە، کوڕەمیانە، خوشیل، گەمۆر، کانی گەون".

ڕۆژی سێشەممە، ٢١ی جۆزەردان، هەڵۆوەکانی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و هەروەها بڵاوکردنەوەی پووستێر، تراکت و لۆگۆی حیزبی دێموکرات و هەروەها لۆگۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شامیانی سەربە سەوڵاوای مەریوان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

شایانی باسە، کە هەڵۆوەکانی دێموکرات ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان لە ٦٠٠ مێتری پایەگایەکدا هەڵ کردووە، کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ڕێژیم خەریکی ئاوەدانکردنەوەی ئەو پایەگایە بووە، هەڵۆوەکانی دێموکرات ئەم پایەگایەی ڕێژیمەیان داوەتە بەر دەسڕێژی گوللە، تاکوو بوونی پێشمەرگەی شار لە نێوخۆدا بە ڕێژیمی ئێران نیشان بدەن.

ئەو شوێن و گوندانەی کە چالاکییان تێدا بەڕێوە چووە، بریتین: گوندەکانی نسڵ و گۆشخانی، جاددەی سەرەکیی ئەو دوو گوندە و باخەکان و هەوارگەکانیان، پۆلەوەزان، میامەران، دێکۆن، سەرمەرەز، سەنگەری سەی عەتا ، کانی موشتەرەک، خەلیفە فەرەج، هەوارە بەرزەکانی حەفسوڵان، پانا چەرموو، خوێرزیە، هەریە ڕەشە .

هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی مەراغانی ناوچەی سەردەشت، بە نووسینی دروشمەکانی "بژی حدکا"، "سەرکەوێ ڕاسان" و "بژی حدکا"، بۆ پشتیوانیی لە خەباتی نوێی ڕۆژهەڵات و هەروەها حیزبی دێموکرات، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی جۆزەردان، پێشمەرگەکانی شار و ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بە نووسینی دروشم، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و دانانی جامانە ـ هێمای پێشمەرگە. شەقام و شارەکانی بانە و بۆکانیان ڕازاندەوە.

ئەو دروشمانەی کە لەسەر دیوارەکانی شاری بۆکان نووسرابوون بریتین: بژی قاسملوو، بژی ڕاسان و قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە.

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری بانە، لە یەکێک لە بەرزاییەکانی ئەم شارە، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و دانانی جامانە، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە و جەختیان کردەوە، کە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان لە خەبات بەردەوام دەبن.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی جۆزەردان، پێشمەرگەکانی شار و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە، ساڵیادی تێرۆرکردنی ڕێبەری کاریزمای نەتەوەکەمان، دوکتور قاسملو، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

تێکۆشەرانی دێموکرات، لە شاخی ئاویەری سنەدا، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر، پەیمانیان لەگەڵ ئارمانە بەرزەکانی ڕێبەری هەمیشە زیندوومان نوێ کردەوە.

ڕۆژی هەینی، ٢٤ی جۆزەردان، پێشمەرگەکانی شار، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، لە بەرەبەری نزیکبوونەوەی سیهەمین ساڵیادی تێرۆرکردنی ڕێبەری هەمیشە زیندووی گەلەکەمان، "دوکتور قاسملوو"، لە شارەکانی مەهاباد و پیرانشاردا، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات، بە بڵاوکردنەوەی تراکت، پۆستێر، وێنەی ڕێبەرانی شەهید، نووسینی دروشم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دانانی جامانە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و پەیمانیان لەگەڵ شەهیدانی گەل و حیزب، نوێ کردووەتەوە.

ئەو شوێنانەی کە لە مەهابادا چالاکیی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە، بریتین لە: "شاخەکانی هەمزاوا، ئوزندەرێ، باخی شایگان، ئەسحابەی سپی، مەیدانی ئیستقلال، مەیدانچەی حەسەنزادە، چوارڕای ئازادی."

هەروەها لە گۆڕستانی "کۆنەخانێی پیرانشار" و "دۆڵی هەوشینان"، لە نێوان مەهاباد و پیرانشاردا، چالاکیی تەبلیغی، بەڕێوە چووە.

ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردان پێشمەرگەکانی شار لە مەهاباد، سەردانی گڵکۆی شەهید فەرماندە "خدرە سوور"یان، لە گۆڕستانی "لاس و خەزاڵ"، لە پشت گوندی "برایم خەسار" کردووە و بە دانانی ئاڵای کوردستان لەسەر گڵکۆی ناوبراو، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان، تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان، پەیمانیان نوێ کردووەتەوە.

هەروەها، لە شاری ورمێ، ئەندام و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات، بە نووسینی دروشم، پشتیوانیی خۆیان بۆ پێشمەرگە و ڕاسان دەربڕیوە و جەختیان کردەوە کە لەسەر ڕێبازی شەهید دوکتور قاسملوو تا سەر، بەردەوامن.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٧ی جۆزەردان، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان، لە بەرەبەری نزیکبوونەوەی سیهەمین ساڵیادی تێرۆرکردنی ڕێبەری هەمیشە زیندووی گەلەکەمان، "دوکتور قاسملوو" و بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات، لە شاری مەهاباد، لە گەڕەکی "باغی شایگان"، لەگەڵ نزیکبوونەوەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵیادی تێرۆرکردنی ڕێبەری ناوازەی گەل، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، بە نووسینی دروشمگەلی: "بژی قاسملوو و قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، بە شێوەیەکی بەربڵاو، یاد و ناوی ڕێبەری ناوداری کوردیان بەرز ڕاگرت و چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا.

هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە میراوای شاری بۆکان، بە نووسینی دروشمگەلی: "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەرکەوێ ڕاسان"، چالاکیی تەبلیغییان بۆ پشتیوانی لە پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێوە برد.

ڕۆژی سێشەممە، ٢٨ی جۆزەردان، هەڵۆکانی دێموکرات، پێشمەرگە ئازا و دلێرەکانی شار، بە کار و چالاکیی بەربڵاو لە پێتەختی ئێران، دڵی ڕەشی داگیرکەریان لە جەمارانی تاراندا هێنایە لەرزە.

هەڵۆکانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی پووستێر و لۆگۆی حیزبی دێموکرات و هەروەها لۆگۆی هەڵۆکانی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە پتر لە ٤٥٠ دانە تراکت و پووستێر بوو، بە ڕێژیمی تێرۆریستی ئێرانیان سەلماند کە وەک هەمیشە هێزی پێشمەرگە لە هەموو شوێنێک کە پێویست بێت، بۆ بەرەنگاری لەگەڵتان ئامادەیە.

ئەو شوێن و ناوچانەی کە چالاکیی تێدا کراوە بریتین لە: "مەیدانی ئازادی، مەیدانی وەلیعەسر، تەجریش، بووستانی ئارەزوو، نیاوەران، سەعادەت ئاباد، وەلەنجەک، تۆپخانە و شەقامی جمهووری.

هاوکات، تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی سەردۆشی مەریوان، بە هەڵدانی دەیان ئاڵای پیرۆزی کوردستان و بڵاوکردنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"، چالاکیی تەبلیغییان بۆ پشتیوانی لە پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێوە برد.

ڕێکەوتی ٣٠ی جۆزەردان ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ورمێدا، لە بەرەبەری نزیکبوونەوەی ٢٢ی پووشپەر، ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ڕێبەری گەورەی کورد "دوکتور قاسملوو" و هاوڕێیانی، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و دانانی جامانە لەسەر چیای ئاشۆش لە گوندی "نەناس"، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات بەو بۆنەوە، لە گوندەکانی: زێوە سەر بە دزە دۆڵێ، گوندی نەسر ئاباد، شەیتان ئاوا، ژاراوا، قامیشلو و نازناز، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و تێرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد و پەیمانی وەفاداری و بەردەوامبوون لەسەر ڕێبازی پڕ لە سەروەریی شەهیدانیان نوێ کردەوە.

# دژایەتی لەگەڵ شەڕ!

د. میرۆ عەلیار



بەدوای دەرچوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی "برجام" (برنامە جامع اقدام مشترک) لە ٨ی مای ٢٠١٨ی زایینیدا، گرژییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا پەرەیان سەند و پرسی هەڵایسانی شەڕ هاتەوە گۆڕێ. ژمارەیەک کەسایەتی و لایەنی سیاسیی ئێرانی بە دژایەتی لەگەڵ شەڕ هەڵوێستیان گرتووە.

لەو نێوەدا بەتایبەتی هەوڵ و چالاکیی ڕاسپێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە ناوی لێکۆڵەر و شرۆڤەکاری سیاسی و نووسەر و ڕووناکبیر و... لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات سرنجڕاکێشە کە ڕۆژانە لە ڕاگەیەنەرە گشتییەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆر دەردەکەون و خەڵک لە هاتنەئارای شەڕ و شێواوی و تەجزیەی ئێران دەترسێنن. وەک ئەوەی ئێستا خەڵکی ئێران لە تێریی و ئاسایش و ئەمنییەتدا بژی!

ئاشکرایە، هیچ مرۆڤێکی خاوەن عەقڵی سەلیم و هەستی مرۆڤایەتی لایەنگری لە شەڕ و کوشتنی ئینسان و کاولکردنی وڵات و ئاوارەبوونی خەڵکی بێدیفاع ناکات.

بەڵام ئایا ئەو لایەنانە بەگشتی دژی شەڕن یان تەنیا دژی شەڕێکن کە بەدژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەبچێ؟! ئایا دژی ئەو شەڕانەش لێبڕاوانە هەڵوێست دەگرن کە کۆماری ئیسلامی ٤٠ ساڵە بە دژی خەڵکی ئێران بەڕێوەی دەبا؟

کۆماری ئیسلامی ٤٠ ساڵە شەڕێکی خوێناوی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە کە دەیان هەزار قوربانی لێکەوتۆتەوە. لەو ماوەیەدا ڕێژیم لە هیچ جینایەتێک دژ بە کورد دەستی نەپاراستووە و کوشتن و ئێعدام و سەرکوت بووە بە کاری ڕۆژانەی حکوومەت لە کوردستاندا.

کۆماری ئیسلامی ٤٠ ساڵە ئازادیخوازانی وڵات سەرکوت و ئێعدام و بێسەروشوێن دەکا و هەموو ماف و ئازادییەکی لە خەڵکی ئێران زەوت کردووە. ڕێژیم بێڕێزی و بێحورمەتی بە ژنانی ئێرانی نەهادینە کردووە و چووکترین ماف و ئازادییان بۆ ناسەلمێنێ. بەردەوام بەشێوەی ڕێکخراو ئەوپەڕی بێڕێزی و سووکایەتی بە کەمایەتییە مەزهەبییەکان دەکرێ.

قەڵاچۆکردنی هەزاران بەندکراو لە ساڵی ١٣٦٧، کارەساتی "کهریزک"، تێرۆر و لەنێوبردنی سەدان ئازادیخواز لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و دەیان جینایەتی ترسناکی دیکە، بەشێکی دیکەن لە کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی.

سیاسەت و کاروکردەوەکانی ڕێژیم لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە ڕوونی دەیسەلمێنێ کە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی شەڕە، هەڵایسێنەری شەڕە و لە شەڕ و ئاڵۆزیدا دەژی!

چل ساڵە، بێپسانەوە، لە ئێراندا شەڕی ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیک و داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی لە هەموو تەوەرەکانی خۆیدا بەدژی خەڵکی ئێران بەڕێوە دەچێ. ڕوون نییە کە خەڵکی ئێران لەوە خراپتر دەبێ لە کام شەڕ بترسێن؟!

لەوەش گەڕێین کە هەرکاتێک کۆماری ئیسلامی هەست بە مەترسی دەکا و خەڵکی وەزاڵەهاتوو بەدژی زوڵم و زۆری حکوومەتی ڕادەپەڕێ و داوای ڕووخانی ڕێژیم دەکا، دارودەستەی دیار و نادیاری حکوومەت خێرا وەخۆ دەکەون و بەناوی نیگەرانی لە "تجزیە"ی ئێران، دەست دەکەن بە تۆمەت لێدان و تاوانبارکردنی نەتەوە بندەستەکان و پاساو و دەلیل داتاشین بۆ زەرووڕەتی مانەوەی ئیستبداد و دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامی.

ئەزقەزا بەپێچەوانەوە، درێژەدان بە شەڕ دژی نەتەوە بندەستەکان و هەڵاواردن و بێبەشکردنیان لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان، بۆتە گەورەترین کێشەی وڵات و بەجیددی یەکیەتی خاکی ئێران دەخاتە مەترسییەوە!

پێشێلکردنی ماف و ئازادیی گەلانی ئێران، سەرکوتی بەربڵاو، گەندەڵی هەوسارپچڕاو و پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری و ئێعتیاد و دەیان کێشە و خەساری کۆمەڵایەتی دیکە، بەرهەمی چل ساڵ دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامین و ئەوە، کوێرەڕێگایەک و ئەنگیزەیەکی بۆ خەڵکی ئێران نەهێشتۆتەوە کە تەنانەت بەرامبەر بە مەترسیی دەرەکیش، پشتیوانی لە ڕێژیم بکەن! بەپێچەوانەوە، ئاوات دەخوازن کە بە هەر شێوەیەک کۆماری ئیسلامی بڕووخێ بەڵکوو نەفەسێک بە ئازادی و ئاسوودەیی بکێشن.

هێندێک کەس و لایەن بەبیانووی دژایەتی لەگەڵ شەڕ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جۆرێک کەوتوونەتە دڵسۆزی بۆ دیکتاتۆری وەک ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بنەڕەتیی لە سیاسەت و کردەوەکانی بەتایبەتی لە نێوخۆی وڵاتدا پێکهێنابێ، وازی لە سەرکوت و تێرور و لەنێوبردنی ئازادیخوازان و جیابیران هێنابێ و سەرەتاییترین ماف وئازادییەکانی گەلانی ستەملێکراوی سەلماندبێ!

دیفاع لە مانەوەی ئەو ڕێژیمە بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ شەڕ، دڵسۆزی بۆ خەڵک و "تمامیت ارضی" یان بەهۆی شکڵ نەگرتنی بەدیل بۆ کۆماری ئیسلامی، جێگای باوەڕ نییە و چاوبەستن و خەڵک بەفریوبردنە و تەنیا ژێست گرتنە بە دژایەتی لەگەڵ شەڕ.

باوەڕپێکراو نییە کە لەژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ شەڕ، داکۆکی لە درێژەدانی شەڕ و سەرکوت و ئیستبداد بکەی!

ئەوە بە هیچ جۆر نە بە مانای پاساوهێنانەوە و پشتیوانی لە شەڕە و نە بە مانای دیفاع لە ئەمریکایە. ئەمریکا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، نە لەسەر پێشێلکردنی ماف و ئازادیی گەلانی ئێران و بۆ دابینکردنی دێموکراسی لە ئێراندا کەوتۆتە کێشە و ناکۆکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامییەوە. داوای ئەمریکا بە ئاشکرا "گۆڕانی ڕەفتاری" کۆماری ئیسلامییە بە قازانجی خۆی.

ئامانجی دانڵد ترامپ سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قسەکانیدا لە ڕۆژی ٦ی ژوئەنی ٢٠١٩ لە ژاپۆن، بەڕوونی دەردەکەوێ کە گوتی: "ئێران بە ڕێبەرانی ئێستاشەوە دەتوانێ ببێت بە وڵاتێکی گەورە"! هەر ئەو سەرکۆمارەی ئەمریکا بەر لەوە، چەندین جاری گوتووە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تێروریست، دز و گەندەڵ، پێشێلکەری ماف و ئازادیی خەڵکی ئێران، جینایەتکار و گەورەترین پشتیوانی تێروریزمی نێونەتەوەیین!

ئێستا چۆنە ئەو ڕێبەرە تاوانبارانە ئەگەر بچنە ژێر باری ویست و داخوازەکانی ئەمریکاوە، لە شەوێکدا دەبن بە فریشتە و دۆست و هاوپەیمانی دانڵد ترامپ؟!

وڵامی ئەو پرسیارەش کە ئێران چۆن بەو ڕێبەرانەوە کە بە قەولی ترامپ تێروریست، دز و گەندەڵ، پێشێلکەری ماف و ئازادیی خەڵکی ئێران، جینایەتکار و گەورەترین پشتیوانی تێروریزمی نێونەتەوەیین، دەتوانێ ببێت بە وڵاتێکی گەورە، هەر دانڵد ترامپ دەبێ بیداتەوە!

ئەساسەن دژایەتی کردن و دژایەتی نەکردن لەگەڵ دیاردەی شەڕ لەبارێی مێژووییەوە موتڵەق ناکرێتەوە و گرێدراوە بە ماهییەت و ئامانجی شەڕ: شەڕێک کە ماهییەتەن و لە ناوەڕۆکدا داگیرکەرانە و بەمەبەستی چەوساندنەوە و سڕینەوەی ئاسەواری تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەک بەڕێوەدەچێ، جینایەت دژی مرۆڤایەتییە و جیاوازە لەگەڵ شەڕی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەکی ژێرستەم کە بە دژی داگیرکەر و بەمەبەستی ڕزگاربوون لە چەوسانەوە و وەدیهێنانی ماف و ئازادی بەڕێوەدەچێ. ئەو شەڕە دەچێتە مەقوولەی خەبات و دیفاعی ڕەواوە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش جیاوازیی تەواو دادەنێ لە بەینی شەڕی ڕزگاریخواز و شەڕێک کە بەمەبەستی سەرکوت و چەوساندنەوە بەڕێوەدەچێ.

بە هیچ پێوەرێکی دێموکراتیک و مرۆڤانە شەڕ دژی ڕێژیمی ئادۆلف هیتلێر، دژی ڕێژیمی سەدام حسەین و دژی داعش یان خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد دژی زوڵم و زۆر و تێرور و سەرکوت و هەڵاواردنی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە شەڕی ناڕەوا دانانرێ.

هەروەها، دژایەتی لەگەڵ شەڕ و هەر دیاردەیەکی دزێوی دیکە، ئەوکاتە باوەڕی پێدەکرێ و بە جیددی وەردەگیرێ کە لەڕووی ئوسووڵ و پرەنسیپ و بیروباوەڕەوە بێ نەک بژاردەیی (گزینەی SELECTIVE ) و بە نییەت و ئەنگیزەی شاراوەی داکۆکی لە ئیستبداد و لایەنی شەڕخوازەوە، دەرببڕدرێ.

ئایا ئەو کەس و لایەنانەی ئێستا بە هۆکار و ئەنگیزەی جیاوازەوە، دەنگیان لەدژی شەڕ هەڵبڕیوە، ئامادەن شەڕ و جینایاتی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی بە دژی گەلی کورد کە تەنیا تاوانی کوردبوونە و داوای ماف و ئازادییی خۆی لە ئێراندا دەکا، مەحکووم بکەن و لێبڕاوانە لەدژی بوەستنەوە؟

بێدەنگی بەرامبەر بە کوشتنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێدیفاع و پێشمەرگەی ئازادیخواز، هەڵاواردن و بێبەشکردنی منداڵی کورد لە خوێندن بە زمانی زگماکی وەک سەرەتاییترین مافی مرۆڤ، ئێعدامی ڕێبەران و ئازادیخوازنی کورد، کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەری بێ تاوان و بێ دەرەتانی کورد، سەرکوتکردنی هەرچەشنە جموجۆڵ و تێکۆشانێکی کولتووری لە کوردستان، تێرور، تەقاندنەوە و مووشەکبارانی بنکە و بارەگای حیزبە سیاسییەکان کە تەنیا بەشێکی بچووکن لە جینایەتی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و بە هیچ بیانوویەک پاساو ناکرێ.

بەو هیوایە کە چالاکانی دژ بە شەڕ، تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە کوردیش بە شەڕ دابنێن و مەحکووم بکەن و لەدژی هەڵوێست بگرن، تا ئێمەش دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی ئەوانەوە.

# خەباتی ژنانی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانیان لە ڕوانگەی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملووەوە



گەلاوێژ موحەممەدی

خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، هەردەم تەوەرێکی گرنگی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کەسایەتییەکی وەک دوکتور قاسملوو بووە. حیزبی دێموکرات، وەک حیزبێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕ، هەر لە ساتە سەرەتاییەکانی دامەزراندنیدا گرنگیی بەو باسە داوە و لە سەردەمێکدا کە ژنانی کوردستان ئاستی خوێندەواری لە نێویاندا هیچ لەسەد بووە، هاوکار بووە بۆ دامەزراندنی یەکێتیی ژنانی دێموکرات. پاش قۆناغی یەکەم نەسڵی دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات و دواتر کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە، بە تایبەت دوکتور قاسملوو، وێڕای خەباتی نەتەوەیی لە پێناو ڕزگاریی گەلەکەمان، هەوڵێکی بێوچانیان داوە کە کۆمەڵگەی کوردستان وردە وردە بگاتە ئاستێک کە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ببینێ و مافی سەرجەم چین و توێژەکان_ یەک لەوان توێژی ژنان_ سەرنج بداتێ و لە پێناو سەرکەوتنی زیاتری کۆمەڵگەدا خزمەتیان پێبکات.

لەم باسە کورتەدا و لە سۆنگەی بیری دوکتور قاسملووەوە دەمانهەوێ بۆچوونەکانی ئەو ڕێبەرە لە سەر مافی ژنان و چۆنیەتی خزمەت و خەباتی ئەوان هەڵسەنگێنین.

لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی سیاسی، بەرپرسە لە بەرانبەر کۆمەڵگای کوردیدا و هەوڵی داوە داخوازی و ویستی کۆمەڵگا بەدی بێنێ تا بتوانێ کۆمەڵگای کوردی بەرەو کەناری ئازادی و یەکسانیخوازی و بەختەوەری و پێشکەوتن ببات. لە هەمان کاتدا ئەو حیزبە باش ئەزانێ بۆ هەبوونی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دادپەروەر و بەختەوەر، تەنیا بە لابردنی ستەمی نەتەوەیی پێک نایەت، بەڵکو ئەبێ لە هەمان کاتدا تاکی کوردیش هەمان ئازادی هەبێت و لە نێو کۆمەڵگاشدا دادپەروەری کۆمەڵایەتیشی هەبێت. بۆ بەدیهاتنی ئەو نرخە مرۆڤایەتییانەش، حیزبی دێموکرات، دابینکردنی یەکسانی بۆ لابردنی ستەمی ڕەگەزی لە پێناو ئازادیی ژن وەک نیوەی کۆمەڵگا، هەروەها کەڵکوەرگرتن لە هێزو توانایان بە هاوشانیی پیاوان و بە بێ جیاوازی، وەک پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر دەبینێت، هەر بۆیەشە کە لەو بوارەدا خەبات ئەکات و هاوکار و پاڵپشتی ژنانی خەباتکاریشە. لە هەمان کاتدا کارکردن لەو بوارەدا لە چەندین ئاستدا بە پێویست دەزانێت و تەنیا قەبوڵکردن یان دانانی یاسا بە لایەنی یەکلایکەرەوە یا کۆتایی ڕێگا نازانێت.

شەهید دوکتور قاسملووی نەمر لایەنەکانی ئەو سیاسەتە بەم شێوەیە باس ئەکا:

سەبارەت بە مەسەلەی ژنان لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمەدا، دەبێ جێگایەکی تایبەت بدرێ بە ژنان کە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکەمان پێك دێنن. وەك دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دائەنێ بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا، مەودایەکی زۆریان لە بەیندا هەیە؛ دەبێ ئەو مەودایە بەرەبەرە لە بەین بچێ. بە بیروڕای حیزبی ئێمە، هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا زیاتر بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

ئەو هەروەها دەڵێ: ڕاستییەکە ئەوەیە کە وڵاتی ئێمە وڵاتێکی پاشکەوتووە، بەڵام ئەگەر پاشکەوتووتر بێ لای کۆمەڵی کوردەواریی ئێمە، لەڕاستیدا پاشکەوتوویی خوشکەکانمانە. هۆیەکەی ئەوە نییە کە خەتای ژنان خۆیان بێ. بەداخەوە کۆمەڵی کوردەواری سەدان ساڵە سوننەتێکی ئەوتۆی هەیە کە ژن نەیتوانیوە بەو شێوەیە کە پێویستە، لەکار و خەباتدا لە وڵاتەکەمان، بەشدار بێ.

دوکتور قاسملوو لە بۆنەیەکی هەشتی مارسدا کە باس لەسەر مافی ژنان دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە "ئەڵێن ژن نیوەی کومەڵە و ئەمەش گووتەیەکی زۆر دروستە، بەڵام ئەبێ دانی پێدا بنێین نەک هەر بە گووتە بیڵێین، هەردەم گوتوومانە کۆمەڵگەکەمان پاشکەوتووە. لەو کەسانەی کە ئیددعایان هەیە کە ئەبێت ژن ئازاد بێ_ بازۆر دوور نەڕۆم، هەر لە هاوڕێیانی خۆشمان_ هەن کە جارێ بەتەواوی نەهاتووەتە سەر ئەو باوەڕە کە ژن دەبێ وەک پیاو لە ئەنجامدانی هەموو ئەرکەکانی خەباتدا لە پێناو دۆزی گەلەکەماندا بەشداری بکات".

دوکتور قاسملوو پێیوابووە کە پاش گەیشتنی کورد بە مافەکانیشی، خەباتی کۆمەڵایەتی و توێژایەتیی ژنانی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆیان هەروا درێژەی ئەبێ و کۆتایی پێنایەت. هەر بۆیە لە جێیەکدا دەڵێ: "ئێمە گوتوومانە، بۆ خودموختاری ڕێگەمان زۆر زۆر درێژە. بەڵام خەبات بۆ مافی ژنان پاش خودموختاریش ئەبێ هەر بەردەوام بێ".

لە چوارچێوەی ئەو چەند گوتەیەدا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە دوکتور قاسملوو باوەڕی تەواوی بەوە هەبووە کە ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، دەبێ لە بوارە ئابووری، سەربازی، رامیاری و کۆمەڵایەتییەکاندا بە تەواوی پارتنر یان هاوبەشی بێ ئەملاوئەولای پیاو بێ و ئەم هاوبەشییەش پێویستە تەواو کرداری و یاسامەند بێ.

ئەو لە گووتەکانیدا هەموو لایەنەکانی پاشکەوتوویی و هەروەها شانسی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی دیتووە و بە بوێری و زۆر ئاوەزمەندانە باوەڕی وابووە کە تەنانەت پاش گەیشتن بە مافە سیاسییەکان، کورد پێویستە لە بواری ژنان و گەیشتنی ئەوان بە مافەکانیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بێوچان و زانستی هەوڵ بدات. ئەمەشی بە گرنگترین ڕێگە زانیوە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، پێشکەوتوو و دێموکراتیک.

# توندوتیژی نەهادینەکراو بۆ ویستێکی فاشیستی



شەماڵ تەرغیبی

یەکێک لەو گرفتە کۆمەڵایەتی – سیاسییانەی کە چاودێرانی کاروباری ئێران بەنیگەرانییەوە لێی دەڕوانن و باسی لێوە دەکەن، پرسی توندوتیژی لە گشتایەتی خۆیدایە کە لە هەموو کون و قوژبنێکی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەنانەت فەرهەنگی لە ئێراندا دەبینرێ و بە تەواوی مانا هەستی پێدەکرێ.

دوایین ئامارە پێوەندیدارەکان لەسەر ئەم پرسە دەرخەری ئەوەیە کە لەژێر سێبەری سیستمی توندوتیژخوازی کۆماری ئیسلامیدا، توندوتیژی یان توندئاژۆیی بەردەوام ڕەوتی هەڵکشانی بەخۆوە بینیوە و هەنووکە بووەتە دیاردەیەکی مەترسیدار کە هەر جارەو لە گۆشە و سووچێکی ئەم وڵاتە بەڵاڵێدراوە خۆی دەردەخات؛ ڕۆژێک لە قەوارەی ئیجراکردنی حوکمێکی شەرعی و بە ئێعدامی هاووڵاتییەک لەلایەن حکوومەت، ڕۆژێک بە پژاندنی تێزاب بەسەر دەموچاوی ژنێک لە یەکێک لە شەقامەکانی شار، جارێکی تر بە لێدانی ژنێک لەلایەن مێردە تووڕە و بێکاربووەکەی، ڕۆژێکی تر بە کوشتنی هاووڵاتییەک لە بازاڕ لە ئەنجامی دەمەقاڵەیەکی ڕۆژانەی نێو بازاڕ!! و ....

ئامارەکان سەبارەت بە گەشەی توندوتیژییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران زۆر جێگەی نیگەرانین بەچەشنێک کە تێکهەڵچوون و پێکپڕژانەکانی سەر شەقام چ بە چەکی گەرم و چ بە چەکی سارد زیادیان کردووە؛ وەزارەتی بێهداشتی ڕێژیم لە نوێترین ئاماری خۆیدا لەمبارەوە ئاشکرای کردووە کە شەڕ و تێکهەڵچوونەکان دووهەمین هۆکار بۆ مردنی هاووڵاتییان لە ئورژانسەکانە؛ پزیشکی دادوەری تارانیش لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە: لە ساڵی ٩٧دا، ١٠١ هەزار و ٢٨١ کەس بەهۆی شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ یەکتر ڕاپێچی پزیشکی دادوەری تاران کراون کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٩٦ ئەم ڕێژەیە ٨٪ زیادی کردووە.

بەپێی ئامارێکی دیکەی حکوومەتی، ساڵانە لە هەموو ئێراندا ٦ میلیۆن شەڕ و قڕەی توند و سەخت لەسەر شەقامەکان دێنە ئاراوە و هەنووکە زیاتر لە ١٥ میلیۆن پەروەندە و کەیسی قەزایی کە بریتین لە شەڕ و تێکهەڵچوون و لە یەکتردان، دەستدرێژی و تەڵاق لە ئێراندا تۆمار کراوە؛ هەر لەم چوارچێوەدا بەوتەی سەرۆکی ئورژانسی کۆمەڵایەتی ئێران ڕێژەی توندوتیژییە بنەماڵەییەکان لە ساڵی ڕابردوودا ٢٠٪ زیادیان کردووە کە ڕوونە سەرەکیترین قوربانییەکانی هەمان منداڵانن.

کۆی ئەم ئامار و داتاگەلە بوونەتە هۆی ئەوەیکە پلەی ئێران لە ئاستی جیهانیدا، بەپێی ڕاپۆرت و پێوەرەکانی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەیی ئابووری و ئاشتی، ١٣٨ بێت و بەوتەی دامەزراوەی گالۆپیش لە ساڵی ٢٠١٨دا، ئێران هاوتەراز لەگەڵ وڵاتانی چاد، نیجێریە، سییەرالیئۆن، عێراق، بێنین، لیبی، گینە و کۆنگۆ لە ڕیزی ١٠ وڵاتی خەمینی جیهانە کە خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە زۆرترین هەستی داماوییان هەیە.

ئەوەیکە کارناسان و چاودێران لەمبارەوە لەسەری کۆک و هاودەنگن بریتییە لەوەی سەرەکیترین هۆکاری ئەم پرسگەلە بریتییە لە سیستمی حوکمڕانی زاڵ بەسەر ئێران؛ پرۆفسۆر "داگلاس نۆرز" براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئابووری ١٩٩٣ لە کتێبی "ڕانت و گەندەڵی لە سێبەری توندوتیژی"دا دەڵێ: "ئەو حکوومەتانەی کە لەسەر بناغەی بەتاڵانبردنی مڵکی گشتیی و سەرچاوە نیشتمانییەکان دامەزراون و بە حکوومەتی کلێپتۆکراسی دەناسرێن لە وڵاتە دواکەوتووەکان کە خاوەنی ڕێژیمی دیکتاتۆرین، زۆرترین ڕێژەی توندوتیژی بەخۆیانەوە دەبینن. لەمجۆرە وڵاتانەدا خەڵکانی ئەو وڵاتانە کەمترین زانیارییان لەسەر پرسەکانی ڕۆژی پێوەندیدار بە ژیانی خۆیانەوە هەیە، ئاگاداری مافە بنەڕەتی و ئینسانییەکانیان نین، لە گەشەکردوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوور کەوتوونەتەوە و خاوەن ئابوورییەکی داخراوی دەوڵەتین کە لە وڵاتەکەیاندا بەرزترین ڕێژەی گەندەڵی بەدی دەکرێت و زۆرترین ڕێژەی توندوتیژییەکان دێتە ئاراوە کە لە حکوومەتەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرەو کۆمەڵگا شۆڕ دەبێتەوە.

بەو واتایە کە لە کۆمەڵدا هەر کەسێک زۆرترین دەسپڕاگەیشتوویی بە سەرچاوەکانی هێز و پارە هەبێ (کە لە ئێراندا دەوڵەت و دەستوپێوەندییەکانیەتی)، بەستراوە بە ئاستی دزە و پیگەی خۆی، دەست دەکات بە تاڵانکاری کە دواجار گەندەڵی و دارمانی ئەخلاقیاتی لێدەکەوێتەوە؛ کاتێک کە ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا بووە قسەی سەر تێنووسەکان و بە کردەوە نەبیندرا، ئاست و چەندایەتی و چۆنایەتی ژیانی هاووڵاتییان بۆ نزمترین ئاستی خۆی دادەبەزێ و ڕێژەی تێکهەڵچوونەکان هەڵدەکشێن و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی دادەبەزێ.

لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ توندوتیژی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە فەرهەنگی سیاسی – کۆمەڵایەتی بەئەژمار بێنین کە لە ئێراندا ڕیشەی مێژوویيشی هەیە؛ خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە کە پێی دەوترێ ئێران بە درێژایی مێژوو لەگەڵ توندوتیژی سیستماتیکی حکومەتی بەرەوڕوو بوون و ئەمەش دۆخێکی ناسەقامگیری دەروونی بۆیان ساز کردووە کە نەسڵ لەدوای نەسڵ گواستوویانەتەوە و هەنووکە بووەتە بەشێک لە کالچێڕی ئەم کۆمەڵگایە؛ کۆماری ئیسلامیش بە خوێندنەوەیەکی درووست لەم کەتوارە نەتەنیا هەوڵی بۆ کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژییەکان نەداوە بەڵکوو بۆخۆی بووەتە ماکەی دووبارەهەڵدانەوەی توندوتیژییەکان. بۆ نموونە ئێعدامی بەئاشکرای زیندانییان! کاتێک کە ڕێژیم لەپێش چاوی بیروڕای گشتی یان "مەلا عام" زیندانییەک (بەهەر تۆمەت یان تاوانێک) لە سێدارە دەدات، کوشتنی ئەو کەسە بەرەبەرە لەلای بینەرانی ئەو ڕووداوە دەبێتە پرسێکی ئاسایی. ئەم کردەوە کە لە ئێراندا زۆریش باوە، لە شوێنە گشتییەکاندا ئەنجام دەدرێت کە هەر لە منداڵانی کەمتەمەنەوە بگرە تا دەگاتە گەنج و ژن و پیاو دەیبینن و کاریگەری زۆر و بێسنوور لەسەر ڕۆح و ڕەوانیان دادەنێت کە زۆرجار بینراوە منداڵان وەک لاسایی کردنەوە ئەم کردارە لێوانلێو لە توندوتیژییە لە یارییە منداڵانەکانیان دووبارە دەکەنەوە یان تووشی خەونەمارانە (کابوس) دەبن کە دواجار دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونییان.

ئەم کاریگەرییانە بەشێوەی زنجیرەیی لەسەر پیاوی ماڵ و لەڕێگەی پیاو بۆسەر ژنی ماڵ و پاشان لەڕێگەی دایکەوە بۆسەر منداڵ دێنە ئاراوە، کەواتە لەلایەکەوە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر کۆمەڵگە دادەنێت و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و درێژماوەشدا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی بۆ نەسڵەکانی دواتر کەواتە ئەم دیاردە دەبێتە پرسێکی ڕیشەیی لە ناخی کۆمەڵگە کە بەهێواشی خۆی خزاندۆتە نێو کلتووری هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خەڵک و بەردەوام بەرهەم دێتەوە جا هەر جارەو بە چەشنێک و بە ڕەنگێک.

بە دیوێکیتریدا، دەوڵەتەکان یان دەسەڵاتە ئیجراییەکان بەتایبەت لە وڵاتە دواکەوتووەکانی وەک ئێران، لە هێز و دەسەڵاتیان بۆ جێبەجێکردنی یاسا کەڵک وەردەگرن کە هەندێک جار وەک "توندوتیژی نواندنی ڕێگەپێدراو" پێناسەی بۆ دەکرێت. بەڵام توندوتیژی دەوڵەتی تەنیا کاتێک درووستە کە لەڕاستای دابینکردنی دادپەروەری لە کۆمەڵگە و ڕێگری کردن لە بەزاندنی ئازادییە کەسییەکان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەکان بێت و لە غەیری ئەوە دەبێتە نوێنگە یان هاندەرێک بۆ پەرەسەندنی توندوتیژی لە کۆمەڵدا وەک ئەوەیکە لە ئێراندا دەبیندرێ.

بەکورتی و بەگشتی، ئەو پرسگەلەی کە ڕێگە بۆ توندوتیژینواندن لە کۆمەڵدا خۆش دەکەن بریتین لە: هەڵاواردن، کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کەمیی کلتووری دیالۆگ و پێکەوەهەڵکردن کە بۆ سەپاندنی ڕەفتارێک، جۆرێک لە بیرکردنەوە یان ئاکارێک ڕەچاو دەکرێت وئامانجەکەی ناچارکردنی لایەنی بەرامبەر بۆ ملکەچ بوونە. واتە هەمان ئامانج کە کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی و دەیهەوێ؛ "ملکەچبوون لەبەرامبەر ویستە فاشیستی و ئیدیۆلۆژیکەکانی!"

# دیکتاتۆر و جەلادی ئێرانیان، دڵسۆز و باوکی تێرۆریستان




نەوید کەرەمی

لەگەڵ هاتنەسەرکار و سەقامگیربوونی پایەکانی ڕێژیمی ئاخوندی لە ئێراندا، بەمەبەستی کەمڕەنگ کردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان و یەکدەستکردنی ڕێژیم، خومەینی دەستی خستە ناو کاروباری وڵاتانی دیکە و لە ڕێگای ڕێکخستن و بەهێزکردنی لایەنە تۆندڕەوەکانی ئەو وڵاتانە و بەتایبەت گرووپە شیعەکان، پەلی سیاسەتی بۆ دەرەوەی سنوورەکان هاویشت و هەموو توان و سەرمایەی وڵاتی کردە قوربانی بەرەوپێشبردنی ئەو پرۆژەیە، هەتاکوو بتوانێت لەو ڕێگایەوە هەرجۆرە پێوەندی و مومارسەیەکی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچە و جیهان، کۆنترۆڵ بکات و قسە و ئیرادەی خۆی بسەپێنێت.

ڕێکەوتی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی، واتە تەنیا ساڵێک پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، خومەینی بە فەرمی ڕایگەیاند کە ئەوان شۆڕشەکەیان بۆ هەموو جیهان دەنێرن، یەکەم هەنگاوەکانی ڕێژیمی تازەپێگرتووی تاران لەڕاستای پەلهاویشتن بۆناو وڵاتانی دیکە و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی خومەینی، واتە "صدور انقلاب" (هەناردە کردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان) پشتگیری و یارمەتیدانی حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بوو.

ئەو سیاسەتە بە دەستپێکی شەڕی نێوان ئێران و عێراق کە بە بیانووی پاراستنی گۆڕە پیرۆزەکانی کەربەلا و هەروەها بە دروشمی ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێت، کەوتە بواری کردەییەوە و هەتاکوو ئێستا زۆربەی هەرەزۆری سەرمایە و بوودجەی وڵات لەڕێگای بردنەپێشەوەی ئەو سیاسەتە و بۆ ڕێکخستن، بەهێز و پڕچەککردنی گرووپ و لایەنە ڕادیکاڵ و توندئاژۆ ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتانە و هەروەها ئەنجامدانی کاری تێرۆریستی و هەڵخراندنی ئاگری شەڕ و دووبەرەکی لە وڵاتانی دوور و نزیکدا، هەزینە کراوە. هەزینەی ماددی و گیانیی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق (ساڵی ١٣٥٩ – ١٣٦٨ی هەتاوی) بە ٦٢٧ میلیارد دۆلار و بەرکەوتنی بڕی ٦٤٤ میلیارد دۆلار خەسارەت بە شار و گوندەکانی ئێران و هەروەها کوژرانی ٢٦٢٠٠٠ ئێرانی بەراورد کراوە.

لەو ساڵانەی سەرەتای شۆڕش، بۆ خەڵکی ئێران کە بە تەمای ژیانێکی باشتر و بە هیوای جێبەجێکرانی بەڵێنەکانی خومەینی ئەو ڕێژیمەیان هەڵبژاردبوو (هەتاکوو پارەی نەوت بێنێتە سەر سفرەی ماڵەکانیان و خانوو و ئۆتووبووسیان بۆ بەخۆڕایی بکات)، بە فیڕۆدانی ئەو هەموو سەرمایە و بەرکەوتنی ئەو خەسارەتە گیانی و ماڵیانە شتێکی قورس و دوور لە چاوەڕوانی بوو، بەڵام پاش شەڕی ٨ ساڵە و درێژەدان بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان و دەستێوەدانەکان و پاڵپشتییەکانی ڕێژیم لە گرووپ و تێرۆریستانی ناوچەکە، تازە سەرەتایەک بوو بۆ چوونەدەرەوەی چەمەدانە دۆلارەکانی ئێرانی بۆ ساپۆرت کردنی تیرۆریستان و چووکەتر و هەژارتربوونەوەی سفرەی بنەماڵە ئێرانییەکان لە ناوخۆدا.

ئەگەرچی هەتاکوو ئێستا و بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا بە دەیان نارەزایەتی و گردبوونەوەی چین و توێژە جۆراوجۆرە ئێرانییەکان، بەرانبەر بە سیاسەتی دەستێوەردان و بەفیڕۆدان و هەزینەکردنی پارەی ئێران بۆ لایەنەکان و وڵاتانی دیکە لە شەقام و شارەکاندا بەڕێوە چووە، بەڵام ڕێژیم هەروا بەردەوامە و سوورە لەسەر درێژەدان بە سیاسەتی پاڵپشتی کردنی تیرۆریستان و ساپۆرتی ماڵی و سەربازی ئەوان.

سیاسەتی دەستێوەردانە ئاژاوەگێڕانەکانی ڕێژیم لە وڵاتان و یارمەتیگەیاندن و هاندان و ساپۆرت کردنی ماڵی و سەربازی تیرۆریستانی وەک تاڵیبان، حەماس، حیزبوڵڵا، حووسییەکانی یەمەن، حەشدی شەعبی و ... هتد، کە سەرچاوەی سەرەکی چارەڕەشی و هەژاری و هۆکاری هەموو نەهامەتییەکانی خەڵکانی ئێرانە و بووەتە هۆی سەپاندنی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان بەسەر ئێران و ئەستەم و لەنێوبردنی ژیانی خەڵک، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو دژکردەوە و گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و نارەزایەتییە ناوخۆییەکان، تازە ڕێژیم بە بۆنەی ڕۆژی قودسەرە بڕی ٦٥١ میلیۆن دۆلار یارمەتی دەداتە ئەو بنەماڵە فلستینییانەی کە لەشەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا کەسێکیان کوژراوە.

ئەو بەخشش و مانۆڕە باوکانانەی ڕێژیمی خامنەیی لەحاڵێکدایە کە ڕێژیم هەتاکوو ئێستا هیچ ئاوڕێکی لە بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان و سێڵاولێدراوانی شارەکانی شیراز، چوارمەحاڵی بەختیاری، یەزد، ئیلام و ... هتد نەداوەتەوە، لە حاڵێکدا بارودۆخی خەڵکی لە ئێراندا لەوپەڕی خراپیدایە، شەقامەکان بوونەتە جێگای حەوانەوەی بنەماڵە هەژارەکان، زبڵدانەکان دابینکەری خوانی هەژارانی ئەو وڵاتەن، نوێنەری ڕێژیم ڕێکەوتی ٩ی جۆزەردانی ئەمساڵ وەها پارەیەک بۆ بنەماڵە فلستینییەکان ڕەوانەی غەزە دەکات و دەیداتە دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستی حەماس، هەتاکوو لە پێناو سازکردنی ئاگری شەڕێکی دیکە لە نێوان فلستینییەکان و ئیسرائیلدا، ئەو پارەیە بەسەر دژبەرانی ئیسرائیلدا دابەش بکات.

پێداگری لە سەر سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکان، لە لایەک ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی ئێرانی کردووەتە باوک بۆ هەموو تیرۆریستانی جیهان و لە ناوخۆشدا بووەتە جەلاد و دیکتاتۆرێکی بێبەزەیی کە هیچ دەستپارێزییەک لە ئەشکەنجە، ئازاردان، ماڵوێران کردن و کوشتنی خەڵکانی ئێرانی ناکات.

ئێستا لە بەرانبەر هەموو گوشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دوو بژاردە لەبەردەم خامنەییدایە، یان وازهێنان و دەستبەرداربوون لە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان و قەبووڵ کردنی شکستی خۆی و چوون بۆسەر مێزی وتووێژ و خواردنەوەی جامی ژەهرێکی دیکە، یان بەردەوام بوونی لەسەر درێژەدان بە سیاسەتی ئاژاوگێڕی، دەستێوەردان و پاڵپشتی کردنی تیرۆریستان و قووڵترکردنەوەی کێشەکانی وڵات و خوڵقاندنی داهاتوویەکی نادیار و ڕەش بۆ خەڵکی ئێران.

ئەوەیکە پێویستە لە کۆتاییدا سەرنجی بدەین ئەو پرسیارانەیە کە، داخۆ خەڵکی ئێران بە ئاسانی لەو هەموو هەڵانەی ڕێژیمی وەلی فەقیهی خۆش دەبن و بێدەنگی هەڵدەبژێرن، هەتاکوو بەردەوام ببنە قوربانی سیاسەت و بیرۆکەکانی دیکتاتۆری ویلایەت و ماڵ و گیانیان بکرێتە قوربانی ئامانجەکانی ئەو دیکتاتۆرە و سەروەت و سامانی وڵاتەکەیان بۆ تیرۆریستان و مرۆڤکوژان بەڕێ بکرێت؟ یان هەموو خەڵکی ئێران، بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر و ژیانێکی ئینسانی و بەدەستهێنانەوەی ڕێز و ئیحترامی لەدەستچوویان، بە یەکپارچە و هاودەنگ دێنە ناو شەقامەکان و دیکتاتۆری خامنەیی و هەموو پاسدارە تیرۆریستەکانی لە زبڵدانی مێژوودا دەنێژن و ئێران و هەموو جیهان لە شەڕی ئەو مرۆڤکوژانە ڕزگار دەکەن؟

# تێڕامانێک
# لەسەر هەڵکەوتەی هەنووکەیی ڕێژیمی ئیسلامی

کەیوان دروودی

هێرشە نیوەچڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر وڵاتانی ناوچە و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان لە ماوەی ڕابردوودا، دەرخەری ئەوەیە کە نایهەوێ بەم بارودۆخەی هەیەتی و لەم هەلومەرجەی تێیدایە، بچێتە سەر مێزی دانوستانێکی نەخوازراو و لاسەنگ. ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەم کاتەدا و لە ئەگەری سەرگرتنی دانوستانێکیتر، ڕێژیمی ئیسلامی لایەنی لاوازی دانیشتن دەبێت بەجۆرێ کە ناتوانێ وەکوو بەرجام قورساییەکی هەندەکیی لەسەر مێزی دانیشتن هەبێ، کەوایە درێژە بە سیاسەتی "هەڕەشەی تێوەگلاندنی ناوچە" دەدات. ئەم سیاسەتە بریتییە لەوەی کە بە دەرخستنی هێز و توانستی زەبروەشاندن لە ڕێگەی گرووپ و تاقمە سەرسپێردراوەکان و پوتانسییەلی راکێتی و تەقینەوەی تێرۆریستی ئەو پەیڤە ئاراستەی ڕۆژئاوا و وڵاتانی ناوچە بکات کە ئەگەر بەرەوڕووی ببنەوە، ئەوە دەبێ چاوەڕێی ناسەقامگیریی گشتایەتیی ناوچەکە بکەن. جیا لەمەش سپای تێرۆریستیی پاسداران دەریخستووە کە لە هەر کاتێ کە بە پێویستی بزانێ، دەتوانێ لە ڕێگەی باڵوێز و نوێنەرایەتییەکانییەوە لە وڵاتانی ئورووپایی کردەوەی تێرۆریستی ئەنجام بدات. کۆی ئەم سیاسەتە لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە کە ڕێژیم وەکوو لایەنی لاواز لە سەقامگیری، دەیهەوێ بەردەوام ئەو پەیامە بە بەرەنگارانی بدات کە لە ئەگەری هەوڵدان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی نیزامی، شەڕێکی درێژخایەنی پڕتێچوو ڕوودەدات کە کۆکردنەوە و دامرکاندنی بۆیان ئەستەم دەبێ؛ کەوایە دەبێ قەبووڵی مەوجوودییەتی ڕێژیمێکی ئینقلابیی هەڕەشەئامێز بکەن.

لەم بۆنەوە تا فشاری دەرەکیی لەسەر زیاتر دەبێت، هەوڵ دەدات کە زیاتر توانای هەڕەشە خوڵقاندنی دەربخات و ئەمەش کۆمەڵگەی جیهانیی دابەش کردووە بەسەر چەند لایەن و بۆچوونی جیاواز کە هەرکامە خاوەن خوێندنەوەیەکی تایبەتی خۆیانن. ئەگەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەوڵ دەدات کە بە پێکهێنانی بەرەیەکی جیهانی، جۆرێک لە هاوڕابوون و یەکدەنگی لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەی ڕێژیم دروست بکات؛ بەڵام هێشتا نیشانەکانی سەرگرتنی ئەم هەوڵە بۆ ئێمە دەرنەکەوتووە. هەربۆیەش ناکرێ لە کورتخایەندا چاوەڕێی گۆڕانێکی جیددی لەم بارەوە بین.

خاوەنڕایان باس لەوە دەکەن کە گەورەترین سیناریۆ، هەڵگیرسانی شەڕێکی سنووردارە بە دەسپێشخەریی ئێران و ئامانج لەو شەڕە ئەوەیە کە هەڵکەوتەی ڕێژیمی ئیسلامی لەم حاڵەتە بگۆڕدرێت و بتوانێ بەم تێکهەڵچوونە ئامانجدارە، هاوکێشەیەکی نوێ بخوڵقێنێ.

کەوایە گریمانەکە ئەوەیە کە شەڕ بتوانێ ببێتە دەروازەیەک بۆ ڕێککەوتن. بەو مانایە کە سپای تێرۆریستیی پاسداران بتوانێ تێکهەڵچوونێک چێ بکات، ئاراستەی بەدەستەوە بگرێ، بەو هێزەی هەیەتی خۆی بسەپێنێ و لە دوای ئەوەی لایەنی یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی بۆ مەبەستی دیاریکراوی هێنایە سەرمێز، کۆنترۆڵی ئەو تێکهەڵچوونە بکات. بەدیوێکیتردا ڕێژیمی ئیسلامی گەرەکیەتی خۆی وەکوو فاکتەرێکی نەگۆڕ لە ناوچە نیشان بدات کە ڕێگە نادات نەزمی ناوچە بەدەر لە خواست و ئیرادەی شێوە بگرێت.



**دەشێت لە کاتێکدا کە ڕێژیم بەدوای خوڵقاندنی کەشێکی ئینقلابیگەریی ئاراستەکراوی خۆیەتی، ئەم کەشە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی ناڕەزاییەکی ناوخۆیی و ئەمەش پێشبینییەکی دوور لە واقیعیەت نییە**

**ڕێژیمی ئێران لە بڕگەگەلێکی وەکوو ئەوەی تێیدایە، لەناو دەچێت و هەر لاوازییەکی بۆ دەسەڵات دەرفەتێکە بۆ هێزگرتنی خەڵک و گرینگ نییە ئەم لاوازییە لەڕووی ناوخۆییەوە بێت یان دەرەکی**

**خەڵک لە ئێراندا لە حاڵەتێکی پێشبینی‌نەکراو بەسەر دەبات و ئەمەش ئیمکانی تەقینەوەیەکی جەماوەری و لەناکاوی بردووەتە سەرەوە، هەر ئەمەش شانسی ڕێژیمی بۆ درێژەدانی سیاسەتی هەنووکەیی کز کردووە**

لێرە پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر ڕێژیم لەسەر ئەم سیاسەتەی بەردەوام بێت و ئەو سیناریۆیە (شەڕی سنووردار) بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بارودۆخەکە چی لێ دێت؟ لەڕاستیدا ئێمە ناتوانین لەسەر یەک فاکتەر جوابی ئەم پرسیارە بدەینەوە بەڵام دەتوانین شیمانەی کۆمەڵێک ڕووداوی خوازراو و نەخوازراو بکەین. خراپترین حاڵەت بۆ ڕێژیم کە بەدڵنیاییەوە دەبێتە باشترین حاڵەت بۆ هەناسەدانی خەڵکی ژێرچەپۆک، ئەوەیە کە لە ماوەی داهاتوودا، لە ناوخۆوە بەرەوڕووی ناڕەزایەتییەکی جەماوەریی گشتگیر ببێتەوە. لەم حاڵەتەدایە کە هەموو فۆرموولەکانی دەشێوێن و توانای بەرەوپێشبردنی سیاسەتی هەنووکەیی لە دەست دەدات. ناڕەزایی ناوخۆیی بەستێنێکی لەبارە تاکوو ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی بتوانێ فشاری زیاتر بهێنێ و زیاتر خۆی دەربخات و بەو پێیە کە پێگەی کۆمەڵایەتیی ڕێژیم لاوازە، ببنە هێزی باڵادەست. هەروەها گومانی بەهێز لەسەر زەرفیەتەکانی سپای پاسداران بۆ کۆنترۆڵی شەڕێکی دەسپێشخەرانەی لە چەشنی شەڕی سنوورداری گریمانەکراو، هەیە. جیا لەمانەش پێگە و پرێستیژی ئامریکا ڕێگە بەوە نادات کە سپای پاسداران و قاسمی سولەیمانی بتوانن ئیرادەی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن. قەبووڵ کردنی ئەم خۆسەپاندنە، هاوپەیمانانی ئامریکا ناچار دەکات کە بیر لە ڕێگایەکیتر بۆ پاراستنی خۆیان بکەنەوە و هەروەها ڕۆڵی "پۆلیسی جیهانی"ی ئامریکا کاڵ دەبێتەوە و زۆر لایەنی وەکوو کۆرەی باکوور و ڤێنزوێلا لە داهاتوو، سەرەڕۆتر دەکات و ئەمەش تێچوویەکی گەورەیە بۆ پێگەی جیهانیی ئەو وڵاتە.

کەوایە، یەکەم بەستێنی تەقینەوەی ناڕەزایەتیی کەڵەکەکراو، دووهەم نەبوونی زەرفیەتی پێویست بۆ هەڵگیرساندن و بەتایبەت کونترۆڵی شەڕ و هەروەها گرینگیی پەیوەندیداربوونی پلە و پێگەی جیهانیی ئامریکا بەم شەڕە، سێ هۆکاری سەرەکین کە دەتوانن هەر کامە لە جێی خۆیاندا ببنە هۆی شکستی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم.

لەڕاستیدا پێچەوانەی زۆرێک لە شیکردنەوەکان، ناکرێ لە کورتخایەندا چاوەڕوانی گۆڕانێکی جیددی سیاسی ڕێبەرایەتی‌کراو لە ناوەوەی جوغرافیای ئێران بین، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران لە هاتنەسەرکارییەوە تا ئێستا کار بۆ بڕگەیەکی وەکوو ئەم ڕۆژانە دەکات. ڕەشنوێنیی ڕوخساری ئۆپۆزیسیۆنی پێکهاتەشکێنی دەرەوەی وڵات و هاوکات، هاوڕابوونی بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆن لە تەک ڕێژیمی ئیسلامی لەسەر پرسە جیاجیاکانی ناوەوە و دەرەوە، وایکردووە کە نەتوانین هێڵێکی جیاکەرەوەی ڕوون لە نێوان سیستمی بڕواکانی دەسەڵات و ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن دیاری بکەین و ئەمەش سەرلێشێواویی کۆمەڵایەتیی بەدوای خۆیدا هێناوە. بۆ نموونە کەسانێکی وەکوو بەنی‌سەدر کە خۆی لەو سیستەمەدا کاربەدەست بووە و دواتر وەلانراوە، لە هەستیارترین بڕگەکاندا، دڵخوازترین هەڵوێستەکانی ڕێژیمی ئێران دەگرێ و لە حاڵێکدا کە برسیەتی و هەژاری تەنگی بە خەڵکی نێو جوغرافیای ئێران هەڵچنیوە و ئەم هەژارییەش دەرەنجامی سەرەڕۆیی ناوخۆییە؛ ناوبراو باس لە کەوتنە مەترسیی دێموکراسیی ئامریکا لەلایەن سەرکۆماری ئەو وڵاتە واتە دانڵد ترامپ دەکات. ئەم دەموچاوە و هاوشێوەکانی خۆیان لە پشتەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی حەشار داوە و دەیانهەوێ وابنوێنن کە ئەوان "دژە توندوتیژین" و ئارامی و ئاسایشیان دەوێت.

ئارامی و ئاسایشێک کە ئەوان بۆ خەڵک وێنای دەکەن، بریتییە لەوەی کە چالاکانی ژینگەپارێزی، مامۆستایان، ماڵخوراوەکان و بەتایبەت نەتەوە بندەستەکان و کەمینە ئایینی و زمانییەکان بەردەوام لەژێر هەڕەشەی هێزە داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا بن و ئەوان بە هەواڵی سەرکوت و بەندکراویان ئیدیعای بەردەوامیی تێزی ئیسلاحاتی مەدەنی بکەن. ڕەوتێک کە چل ساڵە بەردەوامە و نەیتوانیوە ببێتە دینامیزمی گۆڕانێکی جیددی لە ناوخۆ. هاوکات هەر ئەم کەسانە و ڕاگەیاندنە هاوبیرەکانیان ئامادە نین کە بێلایەنانە و بێ جیاوازی ڕووماڵی هەموو پێشێلکارییەکان بکەن و لە زۆر کەس و ڕووداودا پەنا بۆ باسی ململانێی ژیۆپۆلیتیکی ناوچەیی و تاوانبار کردنی وڵاتانی دراوسێ دەبەن و ئەمەش هەمان ئەو هەڵوێست و ڕوانگەیەیە کە بەلای ڕێژیمی ئیسلامییەوە، بە تەواوی ئایدیالە.

هیچکام لەم لایەنانە سەرەڕای ئیدیعای دەمڕاستییان بۆ پشتیوانی و داکۆکی لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکی ناو جوغرافیای ئێران، ناوێرن و نەیانوێراوە بۆ یەکجار بانگەوازی جووڵەیەکی جەماوەریی بڵاو بکەنەوە و بە کۆمەڵێک کایەی ڕێتوریکی و کلیشەیی خۆیان لە پشتەوەی تەمێک لە پۆپۆلیزمی تایبەت بە ئیستبدادی ئێرانی شاردووەتەوە. بەلای نووسەری ئەم دێڕانەوە گەورەترین کۆڵەکەی مانەوەی ڕێژیمی ئیسلامی نەبوونی شەفافیەت و تێکهەڵکێشبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆن و دەزگای پڕۆپاگاندای ڕێژیمی ئیسلامییە و تاکوو ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت ئیمکانی ئەوەی کە هێزێکی دەرەکی بە یارمەتیی خەڵکی ئێرانەوە بچێ زۆر کەمە. لە چوار دەیەی ڕابردوودا، نەبوونی جێگرەوەیەکی جیددی و بەپێگە کە دەربڕینێکی ڕوون و ڕاشکاوی بەرامبەر بە ڕێژیم و پرسە پەیوەندیدارەکانی سیستمی سیاسی هەبێ، بەکردەوە بووە بە ڕێگر لەبەردەم گۆڕانێکی پراکتیکی و جیددی و ئەمەش دەستەوەستان بوون و سەرلێشێواوی خەڵکی لێکەوتووەتەوە.

سەرەڕای ئەمە، دەتوانین بڵێین کە خەڵک لە ئێراندا لە حاڵەتێکی پێشبینی‌نەکراو بەسەر دەبات و ئەمەش ئیمکانی تەقینەوەیەکی جەماوەری و لەناکاوی بردووەتە سەرەوە. هەر ئەمەش شانسی ڕێژیمی بۆ درێژەدانی سیاسەتی هەنووکەیی کز کردووە. ئەم حاڵەتە دەتوانێ لەسەر ئەو شەڕە سنووردارەی کە باسی لێوەکرا کاریگەریی هەبێت، بەجۆرێک کە دەشێت لە کاتێکدا کە ڕێژیم بەدوای خوڵقاندنی کەشێکی ئینقلابیگەریی ئاراستەکراوی خۆیەتی، ئەم کەشە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی ناڕەزاییەکی ناوخۆیی و ئەمەش پێشبینییەکی دوور لە واقیعیەت نییە، بە مەرجێ کە ئەو لایەنانەی بڕوایان بە پێکهاتەشکێنی سیستمی سیاسی هەیە بتوانن بەستێنی لەبار بۆ ڕزگاریی خەڵک لە دەست ڕێژیمی ئیسلامی و کلکەکانی بخوڵقێنن. بەکورتی ڕیسکی شەڕێکی سنووردار بۆ ڕێژیمی ئیسلامی زۆرە و بەدڵنیاییەوە خامنەیی لەو ڕاستییە ئاگادارە، بەڵام چونکە تەنگەژەی سیاسی و ئابووریی دەرەنجامی چوار دەیە ئیستبدادی ناوخۆیی و سەرەتاتکەی دەرەکی، ڕوو لە هەڵکشانە و ناڕەزایی تا ناوەوەی سیستەمیش ڕۆیشتووە، ناچارە کە بەو زەرفیەتانەی لە ئایدیای ئینقلابیگەریی و یۆتۆپیای ئیمپراتوری هەیەتی؛ بچێتە پێش. ئەمە وادەکات کە پێشبینیی درێژەی ئەم سیاسەتە لەلایەن ڕێژیمەوە ئاسان بێت. هەربۆیە دەبێ لێکدانەوەکان لەسەر ئەم ڕاستییە ڕاوەستن کە ڕێژیمی ئێران لە بڕگەگەلێکی وەکوو ئەوەی تێیدایە، لەناو دەچێت و هەر لاوازییەکی بۆ دەسەڵات دەرفەتێکە بۆ هێزگرتنی خەڵک و گرینگ نییە ئەم لاوازییە لەڕووی ناوخۆییەوە بێت یان دەرەکی بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە ئەم هەلە ببێتە هۆی تێکشکانی دێوەزمەی ڕێژیمی ئیسلامی و سەرەتایەک بۆ دابەشکاری لە دەسەڵات و دەسپێکردنی یەکجاری و جیددیی دێموکراسی.

# ڕێگاچارەی لەناوبردن یا کۆنترولی گرووپە تێرۆریستییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران چییە؟



موختار نەقشبەندی

٤٠ ساڵ پێش کە باندی ئاغای خومەینی دەستیان بە سەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا گرت لە پەنا سەرکوت و کۆمەڵکوژی نەتەوە زوڵملێکراوەکان و حەزفی هەمو بیروباوەڕ و حیزب و ڕێکخراوی جیاواز، هەندێک مەلای سەر بە خۆیانیان بە یارمەتی و هەماهەنگی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕەوانەی وڵاتانی تر کرد تا بە قەولی خۆیان شۆڕشەکەیان هەموو جیهان بگرێتەوە و کۆمارێکی ئیسلامی جیهانی دروست بکەن؛ بۆ ئەو مەبەستە پاسداریشیان لەگەڵ ئەو هەیئەتانە ئەنارد تا بە دروست کردنی گروپی چەکدار بتوانن بە مەبەستەکەیان بگەن، ئێستا دوای ٤٠ ساڵ نەتیجەی ئەو سیاسەت و دخالەتانەی ڕژیمی ئێران بووە بەوە کە لە چەندین وڵات هەر لە قارەی ئامریکا هەرتا ئافریقا و ئاسیا و تەنانەت ئوروپا کێشەو شەر درووست بوگە و بە سەدان هەزار کەس کوژراون و بە میلیون ها کەس ئاوارە بوگن کە زەقترین و ڕەش ترین دەخالەتی ڕژیمی ئێران هاوکاری ڕژیمی بەشار ئەسەد بو بۆ سەرکوتی شۆرشی خەلکی سوریە، ئیستا هێرشی ڕۆژانەی گروپەترورریستیەکان سەر بە ڕژیمی ئێران لە یەمەن و لوبنان و فلێستین بون بە بەشێک لە ئەخباری ڕۆژانە و ئەو پرسیارە بۆ خەلک دروست بوگە کە بۆچی ئامریکا و ئیسرائیل و عەربستان و وڵاتانی هاوپیمانیان تا ئیستا نەیان توانیگە ئەو گروپانە لە ناو بەرن (از بین بردن ) و ڕێگا چارە چیە کە کۆتائی بەو هەمو کردەوە تیروریستیە بێت؟ پیویستە بۆ ولامی ئەو پرسیارانە بە کۆرتی باسێک لە سەر جیاوازی شەر لە گەل وڵاتایێک و شەر لە گەل گروپێکی تیروریستی بکەین و دوائیش بە کورتی باسێک لە سەر چۆن لە ناو بردنی ئەو گروپانە بکین.

جیاوازی شەر لە گەل وڵاتێک و گروپێکی تیروریستی :

ئەگەر سیری شەرەکانی دوای جەنگی دومی جیهانی تا ئیستا بکین ئەبینین کە تەنانەت زل هێزەکان لە شەر لە گەل وڵاتان لە کاتێکی کۆرت بە کەمترین زەرەر سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێناوە بەلام لە شەر لە گەل گروپی چریکی بە تایبەت ئەوانەی وا تروریستی بون لە کاتێکی زۆر و بە زەرەرێکی زۆر دەست کەوتی کەمیان بوگە ! هۆکار زۆرن بەلام گرینگترین نیان ئەوەیە کە بۆ شەر لە گەل وڵاتێک جێگا و شوێنی سیاسی ، سەربازی و ئابوری وڵاتێک رونە یان زۆربەی رونە کە لە کوێیە و بە هێرشی راستۆخۆ بە فرۆکە و موشەک ئەکرێت هەم زەربەی گەورە لە هێزی سەربازی ئەو وڵاتە بدرێت و هەم بە بومبارانی کارخانە و ژێربەنا ئابوریەکان سەرچاوەی دارائی ئەو حکومەتە لە نێو بەرێت و لاوازی بکیت بەلام گروپێکی چریکی هیچ جێگا و شوێنێکی تایبەتیان نیە کە بە بۆمباران لە نێوی بەرێت و تەنانەت بەشێک لەو گروپانە تیروریستین و گیانی خەلکی وڵاتی خۆیان یان ئەو شوێنە لێ جێگرن بۆ گرینگ نیە . بۆ نمونە ئامریکا و دەیان وڵاتی هاوپیمانی نزیک بە ٢٠ ساڵە لە ئەفغانستان لەگەڵ تاڵبان شەڕ ئەکەن بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە تاڵبان لەنێو بەرن و هۆکاری سەرەکی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە تاڵبان شوێن و جێگای تایبەتیان نییە کە ئامریکا هێرش بکاتە سەریان و بەشێک لە خەڵکی ئەفغانستان پشتیوانی لە تاڵبان و باقی گروپە توندڕەوەکان ئەکەن، دروستە کە ئامریکا دەستی بە سەر ئەفغانستاندا گرتووە و تاڵبان لە دەسەڵاتدا نەماون و زۆریش لاواز بوون بەڵام تا ئەو ڕۆژەی عەقڵیەت و فکری توندڕەوی لە ئەفغانستان مابێت شەڕ و توندوتیژی هەر ئەمێنێت، بەشێک لە سەرچاوەی ئابووریی تاڵبان قاچاخی مادده هۆشبەرەکانە کە ئەگەر ئامریکا تیشکی بخستایەتە سەر ئەو مەسەلە و هەروەها پشتیوانی زیاتری لە ئاموزش و پەروەردەی لە ئەفغانستان بکردایەت بەدڵنیاییەوە زیاتر دەسکەوتی ئەبوو لە شەڕ لەگەڵ تاڵبان بەڵام هۆکاری ئەوە کە بۆ وایان نەکرد باسێکی سیاسی دوور و درێژە کە پێوەندی بەم باسەوە نییە. یان نمونەیەکی تر ئیسرائیلە کە لە چەند شەڕی کلاسیک توانی چەند وڵاتی عەرەبی شکست بدات بەڵام بۆ لەنێوبردنی حەماس و حیزبوڵای لوبنان تووشی کێشە بووە و تا ئیستا سەرکەوتوو نەبووە، هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە لە شەڕی کلاسیک، شوێنی ئەرتەشی وڵاتەکان ڕوون بوو بەڵام حەماس و حیزبوڵا شوێن و جێگای تایبەتیان نییە و لەکاتی شەڕ خۆیان لە نێو خەڵک دەشارنەوە، ئەگەر ئیسرائیل بیهەوێت حەماس لە نێو بەرێت پێویستە هێرش بکاتە سەر غەزە و داگیری بکات و ئەوە ئەبێتە هۆی وێرانی هەموو غەزە و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس کە ئەوە کێشەی گەورە بۆ ئیسرائیل دروست ئەکات، یان حیزبوڵای لوبنان دروستە بەشێکە لە حکومەتی لوبنان بەڵام بۆی گرینگ نییە کە ئیسرائیل ژێرخانی ئابووریی لوبنان وێران بکات و هێرشی ئیسرائیل بۆ باشووری لوبنان دروستە ئەبێتە هۆی لاوازی زۆری حیزبوڵا بەڵام ئەو گروپە تیا ناچێت و ئەو شەڕە ئەبێتە هۆی ماڵوێرانی و کاولبوون و ئاوارەبوونی خەڵکی لوبنان کە ئەویش کێشەی قورسی سیاسی بۆ ئیسرائیل دروست ئەکات.

بۆ لەنێوبردنی گروپە تیروریستییەکان ئەبێت چی بکرێت؟

١) لەنێوبردنی هۆکارەکانی دروست بوونی ئەو گروپانە: پێویستە پێش هەموو شتێک لێکۆڵینەوە و تەحقیق بکرێت کە بۆ ئەو گروپانە دروست بوون و ئەو هۆکارانە وا بوون بە هۆی دروست بوونی ئەو گرووپانە و هەندێک خەڵک پەیوەست بوون پێیانەوە نەمێنێت، بۆ نموونە ئەگەر فلستینییەکان و ئیسرائیل بتوانن تەوافۆق بکەن و وەکوو ٢ وڵات بە ئاشتی بژین بە دڵنیاییەوە حەماس یا مەجبورە ئەو ئاشتییە قەبوول بکات یا تووشی ئینشعاب ئەبێت و یا لانیکەم بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی پشتی تێ ئەکەن، یان لە یەمەن ئەگەر ڕێز لە بیروباوەڕی مەزهەبە جیاوازەکان بگیرێت و هەست بە مەترسی نەکەن بەدڵنیاییەوە بەشێک لە لایەنگرانی گروپە تێروریستییەکان پشت لەو گرووپانە ئەکەن. دروستە کە بەشێک لە گرووپە تیروریستییەکان وەکوو ئەلقاعیدە و داعش بە هیچ شێوەیەک ناتوانن بیروباوەڕی جیاواز قەبوول بکەن و پێکەوە ژیان لە فەلسەفە و بیروباوەڕیان نییە بەڵام بە نەمانی جیاوازی و هەوڵ بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی لانیکەم خەڵکێکی کەمتر پەیوەست ئەبن بەو گرووپانەوە .

٢) لەنێوبردنی سەرچاوەی دارایی گروپە تێروریستییەکان: مەسەلەی ماڵی تەئسیرێکی یەکجار زۆری لە سەر ئاستی چالاکی ئەو گرووپانە هەیە و بە لەنێوبردنی سەرچاوەی داراییەکانیان بەشی زۆری چالاکی ئەو گرووپانە ئەوەستێت کە نمونەی گرینگی گروپی حیزبوڵای لوبنانە کە ساڵانە نزیک بە ١ میلیارد دۆلار لە ئێران پولی وەرئەگرت کە ئێستا بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە قەیرانی ئابووریی ئێران مەجبور بوون کە بەشێک لە چالاکیەکانیان ڕابگرن و بە دڵنیاییەوە بەردەوامی ئەو وەزعە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو گروپە لاواز ئەکات.

٣) لەنێوبردنی ڕێگای بەدەستهێنانی چەکوچۆڵ: تێرۆریستێک بەتەنیا بە چەقویەک یان تەنانەت بە ماشین ئەتوانێت کاری تیروریستی بکات وەکوو کردەوە تیروریستییەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووی چەند لایەنگرێکی داعش لە ئورووپا بەڵام بۆ ئاژاوەنانەوە و کاری تیروریستی گەورەتر پێویستیان بە کەلوپەلی (تسلیحات نظامی ) سەربازی وەکوو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و موشەکە، بۆ نموونە حیزبوڵای لوبنان یان حوسییەکانی یەمەن ئەگەر موشەک و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیان نەبوایە قەت مەترسییەکی جیدی نەبوون و هەروەها ئەگەر لە ڕێگای وڵاتی پاکستان و ئێران چەکوچۆڵ ڕەوانەی ئەفغانستان نەکرایە بەشێکی زۆری کردەوە تیروریستییەکان لە ئەفغانستان ڕوی نەئەدا بۆیە پێویستە ڕێگری بکرێت لە فروشتن یان پێدانی هەر چەکوچۆلێک بە گرووپە تیرۆریستییەکان.

ئەگەر ئەو ٣ خاڵەی سەرەوە جێبەجێ بکرێت یان هەوڵ بدرێت بەشێکی جێبەجێ بکرێت توانا و چالاکی گروپە تیروریستییەکان لاواز ئەبێت، سەبارەت بە گروپە تیروریستییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێرانیش پێویستە ئامریکا بە هاوکاری وڵاتانی ناوچە هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانە بدات تا ئەو گروپانە زیاتر لاواز ببن و بە دڵنیاییەوە فشاری ئابووری و نەمانی هیوا بۆ سەرکەوتن (نااامیدی ) کێشە ئەخاتە نێو ئەو گرووپانە و بەشێکیان ڕێگایان جیا ئەکەنەوە بەڵام واقعیەت ئەوەیە تا سەرچاوەی دروست کردنی ئەو گروپانە مابێت لەنێوبردنیان ئیمکانی نییە و دیسان لە دەرفەتێکی تر و بە شێوەیکی تر سەر هەڵئەدەنەوە بۆیە پێویستە ئامریکا و وڵاتانی ناوچە تا ڕوخانی ڕێژیمی ئێران یان ئاڵوگۆڕی گشتی لە سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆی ئێران لە فشاری ئابووری و سیاسی بەردەوام بن، هەر چەندە کە مێژووی ٤٠ ساڵەی ڕێژیم نیشانی داوە ئیمکانی ئاڵوگۆر و ڕیفۆرم لەو ڕێژیمە نییە و تەنیا لە کاتی تەنگانە لە ڕێگای کەسانێک وەکوو ئاغای خاتەمی و ڕۆحانی خۆیان لە کێشەکان دەرباز ئەکەن و دوای ماوەیەک دیسان وەکوو پێشوو بەردەوام ئەبن لە هەوڵدان بۆ یارمەتی گرووپە تێروریستییەکان و هەوڵدان بۆ داگیرکردنی وڵاتانی تر بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەبێت لەنێوبردنی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بێت. ئەگەر فشاری سیاسی و ئابووری بەردەوام بێت و ئوپوزسیۆنی ئێرانی بتوانن بە لەبەرچاوگرتنی مافی هەموو خەڵکی ئێران بە تایبەت نەتەوە زوڵملێکراوەکان بە یەکگرتوویی پشتیوانی لە خەڵکی نێوخۆ بکەن زۆر بە ئاسانی ڕێژیمی ئێران ئەڕووخێت و قەت ئێران وەکوو سوریەی لێ نایەت چوونکە ڕێژیمێکی تر وەکوو ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە نییە کە تیروریست لە وڵاتانی ترەوە ڕەوانەی ئێران بکات، بێگومان چ بە شەڕ بێت و چ خەڵک شۆڕش بکەن ڕووخانی ڕێژیمی ئێران پێویستە و بێ هەزینەیش نابێت بەڵام بەردەوامی ڕێژیمی ئێران و گرووپە تیروریستییەکانی لە درێژماوەدا زەرەری گیانی و ماڵییان زیاترە بۆ خەڵکی ئێران و ناوچەکە تەنانەت لە شەڕێکی گشتی بۆ لەنێوبردنی ڕێژیمی ئێران.

# ئامریکا لە ژێر گوشاری ئابووری و بازرگانیدا ڕێژیمی ئێران دەکوژێت!

محەممەد سلێمانی



سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە داهاتوودا، بە ئاشکرا دیارە لەنێوبردنی ڕێژیمی ئاخوندییە و بەشێك لە سیاسی و بڕیاربەدەستەکانی ئەو وڵاتە بەو نەتیجەیە گەیشتوون کە دەسەڵاتی تاران، بەو بیروڕا سیاسی و نێودەوڵەتییەی کە هەیەتی، مەترسی گەورەتر لەسەر ئاسایشی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی دروستکردووە. ئەگەر بەجۆرێك پێش بە باڵادەستی و خۆپڕچەککردنی ئەو وڵاتە نەگیرێ، گێتی بەگشتی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی زیاتر و ئاسایشی نەتەوەیی زۆر وڵاتی ناوچەکەش لەگەڵ مەترسی زۆر لەوەی ئەمڕۆ، بەرەوڕوو دەبێتەوە. جۆن بۆڵتن یەکێکە لەو بەرپرسانەی" کۆشکی سپی" کە بە پشتیوانی سیاسەتی درێژخایەنی ئەمریکا ناسراوە و لە ئێستاشدا کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتەیە، بە لایەنگری چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نەتەوەی گەلی کورد دەکا و، لەو بڕوایەدایە کورد شایەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیەتی. سیاسەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی ئاخوندیدا ئەوەیە کە دەسەڵاتی تاران هەوسار بکرێ و دەرفەتی زێدەتری پێنەدرێت کە بە ئارەزووی خۆیان، چیان پێخۆش بێت ئەنجامی بدەن و دژایەتی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچە و دونیا بکات. حکوومەتی ئیسلامی ئێران بە ئاشکرا ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە لەسەر سیاسەتەکانی خۆیان بەردەوام دەبن و لە بەرنامەیاندا نییە گوێ بە هەڕەشەی ئەمریکا و هێندێك وڵاتی دەوروبەریان بدەن.

ڕێبەرانی بڕیاربەدەستی ئەو وڵاتە سەبارەت بە قەیران و بارگرژییەکانیان بە ڕوونی هەڵویستی خۆیان لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا دەربڕیوە و لە هیچ بوار و دەرفەتێکدا هەست بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە ڕەفتاری سیاسی و نێونەتەوەییان بەدی ناکرێ و پێشبینی دەکرێت کە ڕێژیمی ئێران خۆی بۆ پێکهەڵپڕژانی سەربازی ئامادە بکا و زۆر بێباکانە داوا لە حکوومەتی دانڵد ترامپ دەکا کە بە سیاسەت و کردەوەکانیدا بچێتەوە سەبارەت بە ڕێژیمی ئێران.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە مەبەستی حکوومەتی تاران گەیشتووە کە نیازی سازان و پێکهاتنی لەگەڵ ئەواندا نییە و بەردەوام دەبێت لەسەر سیاسەتی هێژمۆنیخوازی کە بەو ڕێگایەشدا گرووپە تێرۆریستییەکان بەهێز و پڕچەك دەکات. دانڵد ترامپ لە تازەترین لێدوانیدا سەبارەت بە بارگرژییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی تاراندا ڕایگەیاندوە: ئەگەری پێکدادانی سەربازی لەگەڵ حکوومەتی تاران زۆرە بەڵام هەوڵی سەرەکی ئێمە ئەوەیە بە ڕێگای دانوستاندا بگەینە ڕێککەوتن. ئەو بابەتەش بە ڕوونی دەریدەخات کە خەریکە سەبر و ئارامی ترامپ لە پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی ئاخوندیدا دەچێتە ئاستێك لە بەڕێوەبردنی دووهەم قۆناخی تاکتیکی ستراتیژیان بە دژی ئێران کە لێدان و لەنێوبردنیەتی.

واشنگتۆن زۆر بە هەستیارییەوە جموجۆڵە سیاسی و سەربازییەکانی تارانی خستۆتە ژێرچاوەدێری و پێش بەهەر هەوڵێکی گومانلێکراوی ئێران لەو بوارەدا دەگرێت. حکوومەتی ئەمریکا زۆر بەخێرایی لە بیری کۆکردنەوەی کۆدەنگی نێونەتەوەیی بەدژی سیاسەتی ڕێژیمی ئێراندایە و لەو بوارەشدا تێدەکۆشێت کاربەدەستانی ناوچەکە و ئۆرووپاش لەو پڕۆسەیەدا هاوپشتی سیاسەتی نوێی ئەمریکا بکەن.

بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەستانی پلەبەرزی سیاسی و سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە حکوومەتی تاران لەسەر چەند خاڵێکی گرینگ و جەوهەری بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی کۆکن. ئەو یەکڕیزییە سیاسی و دیپلۆماسییە بێگومان لە بەرژەوەندی ڕەوتی پێنتاگۆندایە کە لایەنگری وەشاندنی گورزی سەربازین.

سەرکۆماری ئەمریکا و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەش هەوڵەکانیان لە بواری دانوستاندنی بێمەرج لەگەڵ تاراندا هێنایە بەرباس. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرابوو کاربەدەستانی تاران وڵامێکی ئەوتۆیان بۆ لێدوانی حکوومەتی ئەمریکا نەبوو. بەهەڵویستی سیاسی لەمێژساڵەیان ئاوێکی ساردیان بەدەستی ترامپدا کرد، کە هەتا ئەو وڵاتە گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی کۆشکی سپی سەبارەت بە حکوومەتی ئێران پێك نەهێنێ، ڕێژیمی ئێران ناتوانێ لە گەڵیاندا کۆببێتەوە.

بارگرژییەکانی ئەو دوو وڵاتە بە ئاستێك لە کێشە و ململانێی توند و شەڕەقسە گەیشتووە کە کۆشکی سپی بەتووندی هەڕەشەی بژاردەی گورزی سەربازی لە دژی ڕێژیمی ئێران دەکا، بەڵام ئەوەی هەتا ئێرە پێشبینی دەکرێت ئەوەیە کاربەدەستانی تاران پەیامە ئاگرینەکانی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی و گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زۆر بە هێند وەرناگرن و لە بارانیاندا نییە بە خۆیاندا بچنەوە و فەلسەفە و ڕوانینی فیکریان لەمەڕ کۆی پرسەکاندا بگۆڕن.

سیاسەتی تازەی ئەمریکا ئەوەیە کە بەپێی نەخشە و ستراتیژی سیاسی و دیپلۆماسی تایبەت بە ڕێژیمی ئێران، لە سەر ئاستی دەرەوە و نێوخۆدا لەسەر دوو ئاراستەی جیاو دژبەیەك کار دەکەن.

هەرچی دانڵد ترامپ و کەسە نزیکەکانی بە زمانی هێور کە خۆیان بە لایەنگری دانوستان پێشان دەدەن، دەیانهەوێت بە ڕێگای ئاشتی لەگەڵ تاراندا بە ئاکامێك لە پێکهاتن بگەن. مایك پۆمپیۆ و بۆڵتن کە لە ئاراستەی دووهەمدا کاردەکەن، بەزمانی توند و هەڕەشەی وەشاندنی گورزی سەربازی و ڕووبەرووبوونەوەی مەیدانی دەدوێن. حکوومەتی ئاخوندی بێگومان خۆی بە ژیرتر لە هەر دوو ئاراستەی ئەمریکا دەزانێ و وابیر دەکەنەوە کە هیچکام لەو دۆخە سیاسی و ستراتیژییە کاریگەرییان لە سەر ڕوانینی سیاسەتی ئێران لەهەمبەر ئەمریکادا نابێت و حکوومەتی ئێران ئەوەندە لاواز و بێهێز نییە بە ئەمریکا تێك بچێت.

ڕێبەری ڕێژیمی ئێران کاتێك لەسەر ڕەوشی وڵاتەکەی دەدوێ، بەزمانێك قسە دەکات کە مرۆڤ دەخاتەوە بیری شەڕی ۸ ساڵەی ئێران و عێراق. خامنەیی بەو چاوە دەڕوانێتە قەیرانی وڵاتەکەی لەگەڵ گەورەترین زلهێزی دونیا و بێگومان ئەو لێکدانەوەیان وڵاتی بەرەو قەیرانی گەورەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بردووە و ڕۆژبەڕۆژ ژیان و گوزەرانی خەڵك دەکەوێتە ژێر فشاری بەرچاوترەوە.

ڕێبەری ڕێژیم لێدوانی بڕیاربەدەستانی ئەمریکا سەبارەت بە وڵاتەکەی بە پڕوپاگەندی سیاسی و سەربازی دادەنێ. لەوبڕوایەدانین واشنگتۆن بژاردەی تر لە دژیان ڕەچاو بکا. کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی هێشتا زۆر هەرزەکارانە سەیری ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەن و پێیان وایە ئامانج لە گەمارۆی سیاسی و ئابووری تەسلیمکردنی حکوومەتی ئاخوندییە.

عەلی خامنەیی بە دڵنیاییەوە زۆر باش هەست بەمەترسی ئەو قەیرانە دەکا و لەو ڕاستییەش گەیشتووە کە مەترسییەکان زۆر جیددین و بەڕواڵەت خۆیان لێ دەبوێرێ. لێکدانەوەی هەڵە و نابەرپرسانەی کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بە بارودۆخی هەنووکەیی، گەلانی ئێرانی تووشی ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارە کردووە. بە ڕاشکاوی عەلی خامنەیی لە بەردەم مامۆستایانیی زانکۆکانی تاران ڕایگەیاندووە: ناکرێ باوەڕ بە سیاسەتی ئەمریکاییەکان بکەین و لەگەڵیان دانووستان ئەنجامبدەین. چوونکە قبووڵکردنی هەرکام لە داواکارییەکانی کۆشکی سپی، نیشانەی شکست و پاشکۆیەتی سیاسی ڕێژیمی ئاخوندی دەگەیەنێ و ئەمریکا هەوڵی چەك کردن و بێ دەسەڵات کردنی حکوومەتی ئێران دەدا. ئەمریکا هەتا ئێرەش دانووستان بە ئەولەویەتی کاری دیپلۆماسی خۆی دەزانێت سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك لەهەمبەر کۆتاییهێنان بە کێشەی نێوان ئەم دوو وڵاتە.

ڕێژیمی ئێران لە دوو بژاردە زیاتر هیچ ڕێگایەکی بۆ نەماوەتەوە، یەکەم: یان دەبێ بە تەواوی ڕەفتاری سیاسی و پاوانخوازی خۆی بگۆڕێ و ڕێز لە سەروەری وڵاتانی دەوروبەری بگرێ و، نەبێتە هۆکاری بارگرژی و بەهێزکردنی گرووپە تۆندئاژۆکان و سەرچاوە داراییەکانیان ببڕێ و ببێتە دۆستێکی باش و حیسابی وڵاتانی ناوچەی.

دووهەم: یان دەبێت شەڕ بکا و بێگومان بەو جۆرە شانسی تێکچوون و لەنێوبردنیان زۆر زیاترە لەوەی بۆخۆیان پێیان وایە دەتوانن بەرگری لە ئێران بکەن و ڕێگا لە پێشڕەوییەکانی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا بەرەو قووڵایی وڵات بگرن. بۆڵتن کە کەسایەتییەکی دیار و خاوەن بڕیار و ڕوانینی سیاسی ژیرانەیە و زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت: حکوومەتی ئاخوندی ٤٠ ساڵی ڕەبەقە پشتیوانی لە تیرۆرو گرووپە تونددئاژۆکان دەکا و بە سیاسەتی نەرم لە بەرامبەریدا بە خۆیدا ناچێتەوە و درێژە بە ئاڵۆزییە ناوچەییەکان دەدات.

کاتێك جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا بوو، لەوسەردەمەدا سیاسەتی کۆماریخوازەکان ئەوەبوو کە ڕێژیمە زۆردار و ئاژاوەگێڕ و تیرۆریستەکان پێویستە لەنێو ببرێن و بووش ئەگەر دەرفەتی زیاتری لە بەردەم بووایە، گورزی سەربازیان لە ئێران دەوەشاند.

ئەوەی ئەمڕۆ ڕاوێژکاری نەتەوەیی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا بەدژی ئێران کاری لەسەر دەکا، ئەو بەرنامەیە کە زیاتر لە یەك دەیە لەمەو پێش بناغەی بیرۆکەی ستراتیژییە سیاسییەکەی بۆ دارێژراوە. کۆمەڵێك بڕیاربەدەستی ئەمریکا، ڕێژیمی تیرۆریستی ئێران بە سەرچاوەی ئاڵۆزی و فیتنەی ناوچەی دەزانن و پێیانوایە کاتێك ئاشتی و سەقامگیری سیاسی باڵ بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکێشێ کە دەسەڵاتی تاران ڕووخابێت.

پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە یەك دەیە، ئێستا ئەو بۆچوونەی حکوومەتی جۆرج بووش لە هەموو وەختێك باشتر ڕاستی و دروستی بۆ بەشێك لە بڕیاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمریکا دەرکەوتووە. کەم نین ئەوانەی لە کابینەی نوێی حکوومەتی ئەمریکادا پشتیوانی بیرۆکەی سیاسەتی ستراتیژی نوێی ئەمریکا بەدژی ڕێژیمی تاران دەکەن. حکوومەتی ئاخوندی کە بە هیچ جۆرێك نایەتە ژێربار و مل بۆ هیچکام لە مەرجەکانی ئەمریکا ڕاناکێشێ و هەوڵەکانی کۆشکی سپی بە پیلان و بەرنامەی لەنێوبردنی ڕێژیمەکەیان لە قەڵەم دەدەن و گوتەبێژی ئێران بە ڕاشکاوی دەڵێت: ئێران ناتوانێت باوەڕ و متمانەی خۆی بە حکوومەتی ئەمریکا بکات و بە ڕێگای دانیشتن و کۆبوونەوەدا وڵاتەکەیان بخەنە ژێر مەترسی سیاسی و لێك هەڵوەشاندن.

بۆڵتن یەکێك لە سیما دیار و بڕیاربەدەستە سیاسییەکانی ئەمریکایە کە بە دژبەرێکی سەرسەختی ڕێژیمی ئێران ناسراوە و لایەنگری گورزی خێرای سەربازی دەکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا. لە کۆبوونەوەی سێقۆڵی کە بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە قودس لە نێوان ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا و ڕووسیە و ئیسراییلدا بەڕێوە بچێت، یەکێك لە سەرەکیترین تەوەرەکانی ئەو گفتووگۆ سێقۆڵیە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی شەڕانگێزی ئێراندا هەیە و ئەو وڵاتانە هەوڵ دەدەن تاران ناچار بکەن کردار و ڕەفتاری سیاسی بگۆڕێت و چیتر مەترسی لە سەر بەرژەوەندی وڵاتان دروست نەکات.

بۆڵتن و نێتانیاهۆ سەرۆکوەزیرانی ئیسراییل دۆستایەتییەکی بەهێزیان هەیە و دژایەتی حکوومەتی ئاخوندی، ئەو دوو دژبەرەی ڕێژیمی ئاخوندی هێندەی تر لێك نزیك کردۆتەوە و زۆر بە باشی لە سەر ئاستی ناوچەییدا بە دژی حکوومەتی ئێران و سنووردارکردنی پێکەوە کار دەکەن. ئیسراییل بە بەردەوامی مۆڵگە و پێگە سەربازییەکانی ئێران لە سووریەدا بە ئامانج دەگرێ و دۆستەکانی ئێران لەوبارەوە هەتا ئەمڕۆ بەکردار هەڵوێستێکی شیاویان نەبووە کە دڵی کاربەدەستانی ئێران خۆشبکات.

قووڵتربوونەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە لە بەرژەوەندی ئەو ڕەوتە نوێیەی کۆشکی سپیدایە کە بە لایەنگری خێرای وەشاندنی گورزی سەربازی بۆ سەر تاران ناسراون. وڵاتە عەرەبییەکان و لە نێویشیاندا سعوودیە زۆر بەجیددی لە دژی تاران دەست بەکاربووە و هەوڵی ڕازیکردنی وڵاتانی کەنداو دەدات کە بەدژی ئێران سیاسەتێکی یەکگرتوویان هەبێت. سیاسەتی ڕوونی ئەمریکا ئەوەیە کە لە قۆناغی یەکەمدا گەمارۆ ئابوورییەکانی بە جۆرێك بەدژی ئێران ڕێکبخات و بەڕێوەی بەرێت کە هەموو بوارەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن بگرێتەوە. پاش لاوازکردنی کەرتی ئابووری و سەرهەڵدانی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوخۆی ئێران، ئەوجار قۆناغی کۆتایی جووڵەی سەربازی دەبێت بە دژی ڕێژیمی تاران.

حکوومەتی ئێران بە ڕێگای دانووستاندا، چاوەڕوان ناکرێت دەستبەرداری سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی لە سەر ئاستی گێتی و ناوچەییدا بێ و ڕەدکردنەوەی ١٢ خاڵەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە لایەن ئێرانەوە، لەژێر بیانووی ناکرێ سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی وڵاتەکەیان بخەنە مەترسی و ژێرکاریگەری ئەمریکا، دەرفەتێکی باشتری بۆ دژبەرە ئێرانییەکانی نێو کابینەی ترامپ ڕەخساندووە کە بەرچاوتر لە جاران لۆمەی سیاسەتی هێوری وڵاتەکەیان لەهەمبەر تاراندا بکەن.

کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە پەراوێزی قەیران و بارگرژی سیاسی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا بەو ئاکامە گەیشتووە کە ڕێژیمی ئێران وڵاتێك نییە بە قسەی خۆش و لێکتیگەیشتن هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ دژبەرانیدا بدات و ئەوەی هەتا ئەمڕۆش ڕوودەدات، بێگوومان بەشێکی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی خۆسەپێنی تاراندایە. کاربەدەستانی ئێران هەر کارێك دەکەن بۆ ئەوەی پارێزگاری باڵادەستی بەرژەوەندییەکانی نیزام بن و چاوەڕوان ناکرێ بە سانایی دەستبەرداری هێژمۆنیخوازی وڵاتەکەیان بن لە سەر ئاستی ناوچەییدا. ئەمریکا بە ڕێگای وەزیری دەرەوەیدا هەوڵی ڕازیکردنی وڵاتانی ئۆرووپایی دەدات سەبارەت بە ئێران هاوکاری ئەو وڵاتە بکەن و گەمارۆی زیاتری بخەنە سەر و بە شێوەی بەرفراوانتر پێگەی سیاسی و ئابووری و بازرگانی تاران دووچاری کێشە بکەن.

ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و نێوخۆییەکانی جگە لە هەوسارکردنی ڕێژیمی ئێران و تەریك و تەنیاهێشتنەوەی زیاتری، هیچ خێر و دەسکەوتێکی بۆ تاران نابێ. حکوومەتی ڕووسیەش سەبارەت بە ئێران زۆر بەئارامی سیاسەتی خۆی گۆڕیوە و کارێك ناکات بە لایەنگری لەو ڕێژیمە زیان بە بەرژەوەندییەکانی بگەیەنێت. قەیرانی نوێی نێوان ئەمریکا و ئێران لانیکەم ئەو قازانجەی بۆ مۆسکۆ بەدواوە بوو کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا ئاسایی و بەهێزتر بکا و لە شوێنێك کە ئەمریکا بخوازێ، چاوپۆشی بکا و بەو ڕێگایەدا سوودێك بە وڵاتەکەی بگەیەنێ و مەترسییەکان لە سەر سنوورەکانی ڕووسیە دوور بخاتەوە.

ڕوودانی شەڕ و تێکچوونی حکوومەتی ئاخوندی ئاڵوگۆڕی زۆری بەدوادا دێ. لەو کاتەدا کورد و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی هەلێکی هەتا بڵێی زێڕین و باشی بۆ دەرەخسێ ئەگەر بتوانێ بە باشی سوودی لێوەربگرێت!

کۆبوونەوەی جۆن بۆڵتن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و نیکۆڵای پاترشێڤ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی ڕووسیە و مێیر بێن ڕاوێژکاری ئاسایشی ئیسراییل کەوا بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەنجام بدرێ، بێگوومان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەیە و ئەو سێ وڵاتە لەسەر ئاستی بەرزدا هەوڵدەدەن نەخشەیەکی نوێی ئاسایش و سەقامگیری سیاسی و ئابووری و بازرگانی بەدەر لە حکوومەتی ئاخوندی دابنێن و پێدەچێت، هەوڵی ڕازیکردنی فەلەستینییەکانی لایەنگری ئاشتی لەگەڵ ئیسراییل بدەن کە پرۆسەی ئاشتی بە ئاکام بگا و کۆتایی بە کێشەی لەمێژینە و مێژووی عەرەب و ئیسراییل بێت.

ئەو سێ جەمسەرە جیهانییە کە بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەی لکاندوون، لارییان نییە لەوەی فشار و گەمارۆی زیاتر بخرێتە سەر تاران هەتا بەتەواوی لە پەلوپۆی بخەن و دواجار ڕووخساری سیاسی و ئیداری حکوومەتی ئێران گۆڕانکاری بەسەردابێت. بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانی هاوبەش چارەنووسی دۆست و هاوپەیمان لە مەیدانی قەیران و ناکۆکییە سیاسییە ناوچەییەکاندا دیاری دەکا.

ئامادەبوونی گەورەبەرپرسانی مۆسکۆ لەوێ، نیشانەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیەدا. چوونکە بەردەوامی حکوومەتی ڕووسیە لەگەڵ هاوپەیمان و هاوبەشەکانی کە زیاتر خۆیان لە وڵاتانی وەك ئێران و سووریە و بەڕادەیەکیش تورکیەدا دەبینێتەوە، ڕەنگە لە داهاتووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاستدا خێری ئەوتۆ بە نفووز و بەرژەوەندی ئەو وڵاتە نەبێت و مۆسکۆش سیاسەت و ستراتیژییەك پەیڕەوی بکا کە تێیدا سوودی زیاتر بە وڵاتەکەیان و ئاسایشی نەتەوەییان بگات.

# منداڵانی کار و گەڕان بە نێو زبڵەکاندا

ئاسۆ مینبەری



یەکێک لە گرینگترین توێژەکانی هەر کۆمەڵگایەک کە ئەشێ بایەخی پێ بدرێت و هەوڵ بۆ گەشە و سەرکەوتنی بدرێت، توێژی منداڵانن.

قۆناغی منداڵی بۆ زۆربەی تاکەکان شیرینترین و لەبیرنەکراوترین قۆناغی ژیان بە ئەژمار دێت بە جۆرێک کە یەکێک لە گەورەترین ئارەزووەکانی تاکەکان لە کاتی گەورە بووندا گەڕانەوە بۆ ئەو کاتەیە.

منداڵی، تەمەنی خولقاندنی ئارەزووەکان لە مێشک و دارشتنی پلان و بەرنامە بۆ داهاتویە، بەڵام زۆرن ئەو منداڵانەی کە منداڵی ناکەن و زۆر زوو گەورە دەبن. منداڵانێک کە تامی تاڵی هەژاری دەچێژن و بەشیان لە منداڵیی خۆیان تەنیا ئارەق ڕشتن و کۆکردنەوەی پارە بۆ درێژەدان بە ژیانێکی مەمرە و بژییە.

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بایەخی زۆر بەم توێژە دەدرێت، لە ڕێگەی پەروەردەیەکی درووستەوە هەوڵ دەدرێت پێویستیی بوونیان و هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ سەرکەوتنی کۆمەڵگا و وڵاتەکەیان پێیان نیشان بدرێت، هەر بۆیە ئیمکانات و پێداویستییەکانی ژیانیان بە شێوازگەلی جیاواز بۆ دابین دەکرێت تاکوو گرینگترین و گەورەترین تێکۆشانەکانیان لە ڕاستای بەدەستهێنانی سەرکەوتن و بەکەڵک بوون بۆ کۆمەڵگا بێت.

لە بەرانبەر ئەو ئاسایش و ئیمکاناتە دابینکراوەدا کە لەو کۆمەڵگایەدا هەیە هەن کۆمەڵگاگەلێکی وەکوو ئێران کە هیچ بایەخێک بەم پێوەر و خاڵانە نادەن؛ لە کۆمەڵگایەک وەکوو کۆمەڵگای ئێراندا زۆرن ئەو منداڵانەی کە بە هۆکارگەلی جیاواز و بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان ناچار دەبن خەریکی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ بن، زۆر جار ئەم منداڵانە بۆ کارکردن ناچارن بەدوور لە بنەماڵە بمێننەوە تاکوو لانیکەم بتوانن ژەمێک نان بۆ شەوی خۆیان پەیدا بکەن.

ئەم منداڵانە لە چەوساوەترین توێژەکانی کۆمەڵگا بەئەژمار دێن چونکە جیا لەوەی کە لە بەرانبەر کاتێکی زۆری کاریدا مووچەیەکی کەم وەردەگرن، زۆرجاریش دەبنە ئامرازێک بۆ کەڵکئاژۆی کەسانێکی هەلپەرەست کە ئەم منداڵانە تەنیا وەکوو کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان بەکار دێنن هەر بۆیە زۆر جار لە باندگەلێکی نایاسیی و دژئەخلاقیدا کۆیان دەکەنەوە و کارگەلێکی وەک جێبەجێ کردن و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر، ڕووسپیگەری، قاچاخ کردن و زۆر کاری دیکەیان پێ دەکەن کە لە ئەگەری گیران لە لایەن پۆلیس و ناوەندە پێوەندیدارەکانەوە تووشی کۆمەڵێک کێشە دەبن و دیسانەوە دۆخی ئابووریی بنەماڵەکانیان بەرەو خراپتربوون دەچێت.

بۆیاخ کردنی کەوش، دەستفرۆشی، خاوێنکردنەوەی شووشەی ماشینەکان، فرۆشتنی فاڵ، پێوانی کێشی خەڵک، کرێکاری لە کوورەخانە، نانەوایی، کارگە و زۆر شوێنی دیکە کە کارەکانیشیان قورسن، خاوێنکردنەوەی دووکان و بازاڕ، بڵاوکردنەوەی پووستێری تەبلیغاتی بۆ شوێنە پڕداهاتەکان، فرۆشتنی گوڵ، کار لە کارگەی چنینی فەرش، چا فرۆشی و سواڵ کردن و زۆر کاری دیکە لەو چەشنە کارانەن کە منداڵان لە کۆمەڵگای ئێراندا پێوەیان خەریکن هەر بۆیە منداڵی کار ناوێکە کە بۆ ئەم منداڵانە دیاری کراوە.

منداڵی کار بەو منداڵانە دەوترێت کە بە شێوەی بەردەوام کاریان پێ دەکرێت، کە ئەم کارکردنە زۆربەی کات پێش بە خوێندن و تێپەڕکردنی قۆناغی منداڵیان دەگرێت و هاوکات دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر سڵامەتیی دەروونی و جەستەییشیان.

کار کردنی منداڵان بەتایبەت پاش هاتنە گۆڕی چەمکگەلێکی وەکوو مافی کرێکار ومنداڵان زۆرتر کەوتە بەر ڕەخنە وە؛ بەپێی ئامارێک کە لە ساڵی ٩٦دا ڕێکخراوی جیهانیی کارILO" " بڵاوی کردووەتەوە، ساڵانە ٢٥٠ میلیۆن منداڵی تەمەن ٥ تا ١٤ ساڵان لە جیهاندا لە منداڵیی خۆیان بێبەری دەبن، بەپێی ئەم ئامارە ١٢٠ میلیۆن کەس لەم منداڵانە دەچنە نێو بازاڕی کارەوە و کاری تەواو وەختیشیان هەیە.

هەر لەم پێوەندییەدا، بەرپرسێکی سازمانی بێهزیستیی ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاندووە کە لە ٦ مانگی سەرەتای ساڵی ٩٧دا، ٨٥٠٠ منداڵی کار و منداڵی سەرشەقام لە ئێراندا ناسراون.

لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە لە سەر زیادبوونەوەی ڕێژەی منداڵانی کار کاریگەرن ئەتوانین ئاماژە بە ساختاری بنەماڵە، جیابوونەوەی دایک و باوک، هەژاری، گۆڕانی کتوپڕی دۆخی ئابووریی کۆمەڵگا، زۆربوونی تێچووی خوێندن، نیزامی ئامووزشیی هەڵە، نابەرپرسایەتی دەسەڵاتداران لە دابینکردنی کەرتی خۆشبژێوی و زۆر هۆکاری دیکە بکەین.

منداڵانی کار زۆر جار لە بواری خۆراک و بێهداشتەوە تووشی کێشە دەبن و هەندێ جاریش ناچار دەبن کارگەلێکی مەترسیداریش بکەن.

بەڵام ئەوەی کە لەم وتارەدا جێی باس و تێرامانە، کار کردنی منداڵان و خەریکبوونیان بە گەڕان لە نێو زبڵدانەکە! ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا کەسانێک بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان ڕوویان لە سەتڵی زبڵەکان دەکرد تاکوو بتوانن بە کۆکردنەوەی پلاستیک، کاغەز یان شووشە پارەیەک دەربێنن یان پاروویەک نانی پاشماوەی خوانی ساماندارەکان بدۆزنەوە و شەوێکی دیکە لە ژیانی ڕەشیان تێپەڕ بکەن، ئەمڕۆکە ئەم ڕەفتارە وەکوو ئیش و کارێک سەرنجی دەدرێت کە ڕێژەیەکی زۆر لە منداڵانی هەژار و بێکەس پێوەی خەریکن، هەرچەند ئەم کارەش کێشەگەلی تایبەت بە خۆی هەیە بەڵام هەر ئەوەی کە داهاتێکی هەیە ئەتوانێ ئەم کەسانە بە قەناعەت بگەیێنێ.

لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا دوکتر کامیل ئەحمەدی، لێکۆڵەری مرۆڤناس سەبارەت بەم شێوە کارکردنە واتە گەڕان بە نێو زبڵەکاندا، لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی " یەغمای کوودەکی"، ( لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو لە بواری گەڕانی منداڵان بە نێو زبڵەکاندا) ئەنجام داوە و وەک خۆی دەڵێ: "چەندە گریام، چەندە فێر بووم، حەپسام و لە دڵدا گریام!! ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەش دەکەم بە ڕۆحی منداڵانە و بوێری ئەو منداڵانەی کە ئیزنیان دا ڕاستییەکانی ژیانیان وهەستەکانیان تۆمار بکرێت."

دیارە گەڕان بە نێو زبڵەکاندا لە خراپترین و پیسترین جۆرەکانی کاری منداڵان بەئەژمار دێت، منداڵانی زبڵ گەڕی کۆچەر هاوکات لەگەڵ پیاوانی بنەماڵەکانیان یان بە تەنیا و بە دوور لە ماڵ و بنەماڵە و دایکیان لە چاڵ و گاراژ و کوورەخانە چۆلەکاندا یان لە نێو کەپردا و بەدوور لە هەر چەشنە ئیمکاناتێکی شاری، بێهداشتی و خوێندن دەژین و لەگەڵ زبڵەکان دەخەون کە کێشە ئابوورییەکانی کۆمەڵگای ئێران هۆکاری سەرەکیی پەیوەست بوونی منداڵانی کۆمەڵگای ئێران بە سووڕی زبڵ گەڕەکانە.

منداڵانی زبڵ گەڕ، زۆرتر لە هەرشتێک بە هۆی نەبوونی سیستەمێکی کارگێڕیی کارامە لە شارەکان، نابەرپرسایەتیی تاکەکان لە جیا کردنەوەی زبڵەکان ، درووست و کەمتر بەکارهێنان و بوونی مافیای زبڵ و گەندەڵی و بەرتیل خوارن لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتدا دەچەوسێندرێنەوە و نابینرێن و قازانجی ٤٠٠ میلیاردیی پاشماوە وشکەکانی زبڵەکان لە ساڵدا دەڕژێتە گیرفانی شارەداری و پەیمانکارەکانەوە.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە کامیل ئەحمەدی ئەنجامی داوە، هەر زبڵ گەڕێک لە ڕۆژدا ١٥٠ کیلۆ زبڵ کۆ دەکاتەوە بەڵام بەشی خۆی و داهاتەکەی لەم بازرگانیە تەنیا ١٨ لەسەدە، منداڵانی زبڵ گەڕیش تەنیا و تەنیا ٦ لەسەد لەم بازرگانیە قازانج دەکەن و داهاتیان هەیە.

بە پێی لێکۆڵینەوەکانی ئەم لێکۆڵەرە و پرسیار لە منداڵان، زۆربەیان باسیان لەوە کردووە کە لە کاتی کار کردن و گەڕان بە نێو زبڵەکاندا بریندار بوونە و هەندێ جاریش قووڵی برینەکانیان جیا لەوەی کە چەندین ڕۆژ بێکاری کردوون، تووشی نەخۆشخانەشی کردوون. لە نموونەیەکی ١٨٩کەسیدا لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا لە کاتی کار کردندا بریندار بوونە یان نا، دەبینڕێت کە ٧٣ لەسەدی ئەم کەسانە بە وڵامی بەڵێ وڵامیان داوەتەوە کە ئەمە ئامەژەیەک بۆ گرینگ بوونەوەی کێشەکەیە.

زۆربوونەوەی نەخۆشیگەلێک کە لە ڕێگەی خوێن و کەرەستەی تیژەوە دەگوازرێنەوە بۆ تاکەکان وەکوو ئەیدز، مەترسیی کاری ئەم کەسانە و بەتایبەت منداڵان زۆر زۆر دەکاتەوە و ئەگەری هەیە تووشی بە دەیان جۆر نەخۆشی کورت خایەن یان درێژ خایەنیش بن کە بە هۆی نەبوونی پارە و داهاتی پێویست هیچکات دەرفەتی سەردانی دوکتۆر و وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی یان پێشگرتن لە نەخۆشیگەلی گەورەتر و گرینگتریشیان نییە.

ئەوەی کە ڕوونە ئەمەیە کە هەمووو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا لە پەراوێزدان و تەنیا ئەوانەی کە سەر بە دەسەڵات و خودی ڕێژیمن قازانج دەکەن، منداڵان بوونەتە قوربانی ی سیاسەتەکانی ڕێژیم و لەو کۆمەڵگایەدا هیچ داهاتوویەک بۆ ئەوان مسۆگەر نییە، ئەوپەڕی سەرکەوتنی منداڵانی کار ڕەنگە کرێکارییەکی بەردەوام بێت و ئەوپەڕی بەختەوەریشیان نەمردن لە بەر برسیەتی!

جا ئەوەی کە سەیرە گۆڕینی سیاسەتی زاوزێ لە لایەن ڕێژیمەوەیە کە باس لە زۆرتر کردنەوەی حەشیمەت دەکەن و ژن ومێردەکان هان دەدەن تاکوو منداڵیان ببێت چونکە خوا ڕزقی دەدات، بنەماڵەکانیش بێ خەبەرن لەوەن کە ئەو منداڵانە تەنیا پێ دەنێنە نێو دنیایەکی پڕ چەرمەسەری و چارەڕەشییەوە کە تەنیا بە مەرگ لە چنگیەوە نەجاتیان دەبێت. بەو هیوایە کە چیدیکە بینەری منداڵێک نەبین کە هاوکات لەگەڵ کارکردن لە سەر شەقامەکان خەریکی نووسینی مەشقەکانیان بن و داهاتوویان بە ڕەنگی هیواکان بنەخشێنن.

# ئێران چی لە گیانی جیهان دەوێت؟!

بێهزاد قادری

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، هەر لە کاتی دامەزراندنی لە لایەن خومەینییەوە تا ئێستا، وەک وایرۆس و شێرپەنجەیەک، ڕۆڵی نێگەتیڤی هەبووە و جگە لە زەبردان لە نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران، خەساریشی بۆ هەموو جیهان هەبووە. ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە، ئایدۆلۆژیی پەرەپێدانی ئیسلامی سیاسی- شیعەی کردە گوتاری سیاسی و پراکتیک لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا. هەر لەم پەیوەندییەدا، ئەم ڕێژیمە، لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەدا کەوتە دروستکردنی میلیشیای بەستراوە بە خۆی یان پشتیوانیکردن لەو چەکدار و ڕەوتانەی کە لە هێڵی سیاسیی ئەودا دەچوونە پێشەوە.

ئەم هەڵسوکەوتانەی ڕێژیم، جگە لەوەی زۆرینەی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتەی وەزاڵە هێناوە، جیهانیشی تووڕە و تووڕەتر کردووە. هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە "ئەنوەر قەرقاش"، وەزیری ڕاوێژکار لە کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، لە پەیامێکی تویتێریدا وتی: "متمانە و باوەڕی وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران بەرەو لەنێوچوونی دەڕوات." ئەمانە لە حاڵێکدایە کە هیچ کام لە بەرپرسانی باڵای ڕێژیمی ئێران لە جیهاندا جێی متمانە نین و هەموو جیهان ئەم بەرپرسانە بە پشتیوانی توندوتیژی و تێرۆریزم دەناسن و قسەکانیان بە پووچەڵ و گاڵتەجاڕ ناو لێ دەبەن.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا، پشتیوانیی ماڵی، هێزی مرۆیی و لۆجستیکیی زۆر لە ڕووداوە تێرۆریستییەکانی لە جوغرافیایەکی بەرینی ناوچەیی و جیهانیدا، کردووە. بۆ نموونە: "تەقینەوەی ئامیا لە ئارژانتین لە هاوینی ساڵی ١٣٧٣دا؛ پیلانی تێرۆری "عادڵ ئەلجوبەیر"، وەزیری دەرەوەی عەرەبستان لە واشنتۆن؛ کردەوەی تێرۆریستی لە بەحرەین لە هاوینی ١٣٨٤دا؛ پەلاماری مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە نزیکیی شاری کۆیە لە هەرێمی کوردستان لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧دا و تێرۆری زیاتر لە ٦٠٠ سەربازی ئامریکایی لە عێراق و هاوکاریی چڕوپڕی ئەلقاعیدە و دەیان کردەوەی تێرۆریستی هاوچەشن.

لە پاڵ ئەمانەدا، سەدان و هەزاران نموونەی تر هەن، کە زۆرێکیان ڕوون بوونەتەوە. لە تێرۆری کەسایەتییە سیاسییە کوردەکان لە دەرەوەی ئێرانەوە بگرە تا تێرۆری دژبەرانی دیکەی ڕێژیم لەنێو نەتەوە زوڵملێکراوەکانی نێو چوارچێوەی ئێراندا. ئیتر با لەسێدارەدان و سەدان نموونەی دیکەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بوەستێت کە ڕێژیم لە هەموویاندا خاوەن پلە و ڕێکۆردی جیهانییە!

"مایکل مەک کال"، جێگری کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارلەمانی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی جۆزەردان، لە کۆبوونەوەیەکدا ڕایگەیاند: "ڕێژیمی ئێران هەر لە سەرەتاوە کاری خۆی بە تیرۆرەوە دەست پێ کردووە و بناغەی لەسەر تێرۆر دامەزراوە و لە زۆربەی کردەوە تێروریستییەکانی دژ بە ئامریکادا دەستی هەبووە، یان بە شێوەگەلێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پاڵپشتیی کردووە. ڕێژیمی ئێران لە ئێستاشدا مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئامریکا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست."

هەر ڕۆژێک دوای ئەم قسانەی "مایکل مەک کال"، واتە ٢٣ی جۆزەردان، هێرش کرایە سەر دوو نەوتکێش لە دەریای عوماندا و تووشی ئاگرکەوتنەوە بوون کە کاردانەوەی زۆرێک لە وڵاتانی لێکەوتەوە و وەک هەمیشە، ڕێژیمی ئێران وەک تاوانباری سەرەکی ناسێندرا و بەڵگەکانیش ئەم ڕاستییەیان سەلماند. زۆرتر لە ٢٤ کاتژمێری نەخایاند کە هێزی دەریایی ئەرتشی ئامریکا، ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردان، ڤیدیۆیەکی بڵاو کردەوە کە سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، مینێکی نەتەقیوی لە یەکێک لەو کەشتییە نەوتهەڵگرانەی کە ڕۆژی پێنجشەممە لە دەریای عوماندا هێرشیان کرایە سەر، هەڵدەگرنەوە. لەم ڤیدیۆیەدا کە لە لایەن فڕۆکەکانی ئامریکاوە هەڵگیرابوو، نیشانی دەدا کە بەلەمەکانی گەشتزەنیی سپای تێرۆریستی پاسداران، دوای ڕوودانی تەقینەوەکان، نزیکی کەشتییەک بە ناوی "کوکوکا کوریجس" دەبێت و مینێکی نەتەقیو لە بەدەنەی ئەم کەشتییە هەڵدەگرێت.

وێڕای ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران، ئامریکا بە دوژمنی خوێنیی خۆی دەزانێت و ئەم تۆمەتانە بۆ ڕق و قینی ئامریکا لە ڕێژیمی ئێران دەگەڕێنێتەوە، هەر سەبارەت بەم ڕووداوانە، بریتانیایش بێهەڵوێست نەبوو و "جێرمی هانت"، وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا، لە هەمان ڕۆژدا، بە ڕادیۆی "بی بی سی"ی ڕاگەیاند: "دەوڵەتی بریتانیا هۆکارێک بۆ ڕەتکردنەوەی ئیدعاکانی ئامریکا لەبارەی تاوانبارکردنی ڕێژیمی ئێران لە تەقاندنەوەی دوو نەوتکێش لە دەریای عوماندا نابینێت".

لەسەر ئەم ڕووداوە لە دەریای عوماندا، وەک هەمیشە دەنگی وڵاتانی ناوچەکە، لەوانە عەرەبستانیش بەرز بووەوە. جێگای باسە کە لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا، عەرەبستان لە لایەن حووسییەکانی یەمەنەوە چەندین جار هێرشی کراوەتە سەر. ئەو کەرەستانەیش کە حووسییەکانی یەمەن کەڵکی لێ وەردەگرن، یان ساختەی ڕێژیمی ئێرانن، یان ئێران لە شوێنی ترەوە بۆیان دابین دەکات واتە پشتیوانیی ڕێژیمی ئێران لە میلیشیاکانی یەمەن، حاشاهەڵنەگرە.

دوابەدوای ئەم زنجیرە ڕووداوانە، شازادە "تورکی ئەلفەیسەڵ"، بەرپرسی پێشووی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی عەربستان، لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی "ئەلعەرەبیە"یە، ئاشکرای کرد کە ڕێژیمی ئێران، لەگەڵ گرووپی تێرۆریستیی ئەلقاعیدە هاوکاری و پەیوەندیی هەبووە و باسی لەوە کردووە کە "ئۆسامە بین لادەن"، ڕێبەری پێشووی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، بە هۆی ئەوەی کە بنەماڵەکەی لە ئێران لە لایەن ڕێژیمەوە پەنایان پێدرابوو، هێرشی بۆ سەر ئێران نەکردبوو. ناوبراو هەروەها جەختی کردەوە کە ڕێککەوتنێک لە نێوان ڕێژیمی ئێران و ئەلقاعیدە بۆ هێرش کردنە سەرعەرەبستان لە ئارادایە و لە درێژەدا باسی لەوە کرد کە پشتیوانییەکانی ڕێژیمی ئێران لە گرووپی ئەلقاعیدە، لە دوای هێرشی ئامریکا بۆ سەر ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە دەستی پێ کردووە. هەڵبەت بەر لەم لێدوانەی "تورکی ئەلفەیسەڵ"، بەڵگەی زۆر لە هاوکاریی ڕێژیمی ئێران و ئەلقاعیدە لەبەردەستدا هەبووە.

ڕێژیمی ئێران نەیهێشت ئەم هەواڵەیش سارد بێتەوە و لە شوێنێکی تریشدا قەوماندی! وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا، ڕێژیمی ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە دەستی لە تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە شاری کابۆلی پێتەختی ئەفغانستاندا هەبووە. لەم پەیوەندییەدا، "مایک پۆمپێئۆ"، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا، ڕێژیمی ئێرانی بە ئەنجامدانی تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەبەردەم زانکۆی سەربازیی "مارشاڵ فەهیم" لە شاری کابۆلی پێتەختی ئەفغانستان، لە ڕێکەوتی ٣١ی مەی، تاوانبار کرد.

سەلمێندراوە کە کردەوە ئاژاوەگێڕییەکانی ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆ و لە جیهاندا قەت کۆتایی پێ نایەت و لە ماوەی ئەم ٤٠ ساڵەدا، بەم شێوازە ڕوخساری خۆی پیشانی هەموو دونیا داوە. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە بەڕاستی ئەم شێرپەنجەیە، چی لە گیانی جیهان دەوێت و تا کەی ئەم نەخۆشییە پەرە دەستێنێت؟!

# وتووێژ لەگەڵ ناهید ڕەشیدیان، خانمە نووسەر و فەرهەنگنووسی کورد



سازدانی: شەریف فەلاح

بەشی دووهەم و کۆتایی

**٥ – ئایا پێت وانیە دەستەواژەی "فەرهەنگنووسی" واتایەکی فەرەڕەهەندتری هەیە وەک (ئەنسکلۆپیدیا) و لەگەڵ ئەم جۆرە کارەی کە بەڕێزتان ئەنجامتان داوە و هەروەها زۆر کەسی دیکەش لە کوردستان خەریکن دەیکەن، جیاوازی هەیە؟ چونکە بەڕای من دەستنیشانکردنی "وشەنامە" یان "وشەدان" شیاوتر بێت، ڕوانگەی بەڕێزت لەمبارەوە چییە و ئەم پرسە لە نێو ئەدەبی ئورووپادا چۆنە؟**

و: "دەستەواژەی فەرهەنگنووسی وەک ئەنسکلۆپێدیا و وشەنامە و وشەدان" وەرگێڕان و فەرهەنگنووسی یەکێکە لە شێوەکانی پێوەندیی نێوان خەڵک بە مەبەستی لێکتێگەیشتن. لێکۆڵینەوە لەسەر فەرهەنگنووسی کۆمەڵی زانیاریی بە ناوی تێئۆریی فەرهەنگنووسی کە بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاریی ڕابردوو و ئێستا و هەروەها پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی تری زانستی، زمانناسیی بنەما، خێڵناسی، پێوەندیی نێوان زمان و فەرهەنگ، کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن. ئەمانە گشتی دەتوانن بە ناوی فەرهەنگنووسی یا ئەنسکلۆپیدیا بێت، کە کاری گرووپێک کارناس و کارزانی دەوێت کە خاوەنی ئاکادیمیای تایبەت و وتاری زانستیی تایبەت بە خۆیان بن.

بە ڕای من وشەنامە یا وشەدان تەنیا بۆ کتێبی بچووکی ٢٠ تا ٣٠ لاپەڕەیە کە هێندێ زانیاریی پێویست بۆ خوێنەر دابین بکات، بەڵام بۆ کتێبێک کە ٢ ساڵ لەسەری کار کراوە و ٢ ساڵیش بۆ نووسینی، باس لە دوو فەرهەنگ و دوو زمان دەکات بە چاک و جوانی نازانم وەک وشەدان یان وشەنامە ناوی لێ بنێین. بۆ ئەنسکلۆپێدیا دەتوانین ناوی گشتی لێ بنێین، بۆ نموونە فەرهەنگنووسیی گشتی، یان فرەفەرهەنگی، یا زانیاریی گشتی و هتد.....

**٦ . جیا لە نووسینی فەرهەنگ کۆمەڵێک شێعر، وەرگێڕان، چیرۆک و پەخشانت نووسیوە، باسی ئەم چالاکییانەت بکە و ئاخۆ چاپت کردوون یان نا؟**

و: بێجگە لە ٤ فەرهەنگی "هۆڵەندی - کوردی و کوردی - هۆڵەندی و فەڕانسەیی - کوردی و کوردی- فەڕانسەیی"، چەند کتێبی هۆنراوە و پەخشان و ڕۆمان و چیرۆکم هەیە، بە ناوەکانی " پڕ لە خۆشەویستی، هەڵۆ و قاڵاو، هاواری مامۆستای شۆڕشگێڕ و ڕۆمانێکی کورت بەناوی ژیان لە سێبەری مردن"، کە زیاتر وەرگێڕانن و لە هۆڵەندا چاپ بوون و لە نێو خەڵک لە سنە و دەرەوەی سنە بڵاوم کردەوە.

هۆنراوە و پەخشانی شاعێرانی سەردەمی ئێرانی واتە فارسزمان وەک: "شاملوو، سپێهری و فەریدوون موشیری"م وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی و چاپ و بڵاو کراونەتەوە. هەروەها کتێبێکی فارسیی جەلال مەلەکشا شاعێری کوردزمانم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە ناوی "پڕ لە خۆشەویستی" چاپ بووە، کە باس لە جوانی و سروشت و خۆشەویستی دەکات، هۆنراوەیەکی دیکەی جەلال مەلەکشا بەناو "هەڵۆ و قاڵاو" کە ئەویش بە زمانی کوردییە. "هاواری مامۆستای شۆڕشگێڕ" نووسینەکانی کاک فەرزاد کەمانگەرە بە زمانی کوردی. شاعێرێکی کوردزمان، بەڵام بە فارسی دەنووسێت و زمانە فارسییەکەی هەست و سۆزی کوردەواریی پێوە دیارە بەناو "شەمێ سەڵواتی" (شەمسەدین) خەڵکی سەڵواتاوا کە شێعری زۆری بە فارسی وتووە و هەروەها چەند نووسین و ڕۆمانی کورتی هەیە، کە ئەوانیشم کردووە بە کوردی و چاپم کردووە، ڕۆمانی "ژیان لە پشتی سێبەر" باس لە ژیانی تاڵی سەردەمی بەرلە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین دەکات، کە چۆن ڕێگاوبانی گوندی سەڵواتاوا مەترسیدار بوو و زۆر ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل و کوشتنی خەڵکی لێ دەکەوتەوە. هەروەها باسی بیر و فکری ئایینی ئەو دێیە و ناکۆکیی لە نێوان ئاییندارەکان و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە بەناو توودەیی و کۆمۆنیستەکان دەکات، کە بەڕاستی ڕۆمانێکی بەهێز و جوانە و دەتوانێت لە داڕۆژدا زۆر بەناوبانگ بێت.

بێجگە لەو ڕۆمانە، لە بەرهەمەکانی کاکە "شەمێ سەڵواتی"، هێندێ لە شێعرەکانیم بە کوردی لە نێو کتێبێک بەناو "نازدار" بە چاپ گەیاندووە و لە نێو خەڵکدا بڵاوم کردۆتەوە. ئەم چالاکییانەم لە بواری شێعر و وەرگێڕان و ڕۆمان و چیرۆک و پەخشاندا زۆرتر بۆ ئەوە بووە، کە لاوانی شاری سنە و دەروبەری پارێزگای سنە بە لای جوانیی زمانی کوردیدا ڕابکێشم و زانیاریی زۆرتر لەبارەی فەرهەنگ و کولتوور و بیر و فکری خەڵکی ناوچەکە لە سەردەمی بەرلە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بزانن. وەکوو ئاماژەم پێ کردووە، گشت ئەم کتێبانەم چاپ کردووە و بە خۆڕایی پێشکەشی خەڵکم کردووە چ لە سنە و چ لە ئورووپا، جیا لە فەرهەنگەکان کە لە نێو خەڵکدا فرۆشراون.

**٧ – زۆرێک لەو نووسەر و ئەدیبانەی کە کوردستان بەجێ دەهێڵن و لە تاراوگە نیشتەجێ دەبن، خۆشەویستیی نیشتمان و "نوستالۆژیا" دەبێتە هەوێنی سەرەکیی بەشێک لە نووسین و بەرهەمەکانیان؛ ئەمە لە لای جەنابت چۆنە؟**

و: تەنیا دووری لە نیشتمان و نۆستالۆژیا، یان هەستی غەریبی نابێتە هۆی هەستی خوشەویستیی نیشتمان، بەڵکوو هەروەک لە سەرەوەش ئاماژەم پێ کرد، لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا ئەوکاتە کە مرۆڤ کێشەی دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی چارەسەر دەبێت و ئارامیی ژیان دەست پێ دەکات و دڵەڕاوکێ و دڵەدوایی ژیان نامێنێت و بە جۆرێک هەستی مرۆڤایەتیی لە لا دروست دەبێت و گەشە دەکات، ئەوکات مرۆڤ بیر لە کێشەکانی کۆمەڵگایەک دەکاتەوە کە تێیدا گەورە بووە و حەز دەکات تۆزێ لەو کێشە و گیروگرفتانە ئەگەر بتوانێت ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزێتەوە و چارەسەریان بکات و کارێک یان چالاکییەک بۆ نیشتمان و شوێنی لەدایکبوونی بکات.

بۆیە منیش هەروەک کەسانی تر، هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی لە لام دروست بووە و حەزم کرد لە ڕێگەی نووسینی ئەو فەرهەنگانەوە، یان نووسینی هۆنراوە و پەخشان کارێکم بۆ کۆمەڵگای خۆم کردبێت.

**٨ . ئاخۆ پرسی تاراوگە جیا لە ئەدەبی فارسی و کوردی لە نێو ئەدەبیات و نووسینی نەتەوە و گەلانی دیکەی جیهان بەدی دەکرێت؟**

و: زۆر کەس لە هۆڵەند و فەڕانسە و ئاڵمان تا ئەو جێگایەی من بزانم بە نووسینی ڕۆمان و هۆنراوە ئێش و ئازارەکانیان و دووری لە نیشتمان و خۆگۆنجاندن لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا بە زمانی هۆڵەندی و فەڕانسە و ئاڵمان دەربڕن و بینووسن و لە ئورووپاش زۆر بەناوبانگ بوون. شێعر و نووسینەکانی سەردەمی ئێستای ئورووپا هەڵوێستی جیاوازی سەبارەت بە کارەسات و ڕووداوەکان هەیە و کاریگەریی پرسی تاراوگە هۆکارێکی سەرەکی نییە، لە داڕشتنی شێعر و نووسین، بەڵام تا ڕادەیەک کاریگەریی وێرانکەر و حاشاهەڵنەگری لەسەر کولتووری ڕۆژئاوا داناوە.

**٩ . وەک خانمە نووسەرێک کە زیاتر لە ١٥ ساڵە لە وڵاتی هۆڵەند دەژیت، پێگەی ئەدەبی کوردی لە ئورووپا بەگشتی و بەتایبەت لەلای نووسەرانی ئەو وڵاتە چۆنە و ئەوان چۆن دەڕواننە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردییەوە؟**

و: ئەدەبی کوردی لە ئورووپا هیچ پێگەیەکی نییە و تا ئێستا کورد نەیتوانیوە کولتوور و ئەدەب و زمانی خۆی بە دنیای دەرەوە بناسێنێت و دەری بخات. تەنیا ئەوە نییە، خۆی هەر کورد لە ئورووپا بۆ ژیانی خۆشبژێوی و لە بواری ئابوورییەوە نەیتوانیوە خۆی دەربخات و پێش بکەوێت و بەرچاو بێت. خێڵی کورد لە ئورووپا دەتوانین بڵێین زۆر لاوازن و لە خوارترین چین و توێژی کۆمەڵگای ئورووپادان.

**١٠ . پڕۆژەت بۆ دووبارە چاپکردنەوەی ئەو چوار فەرهەنگەی کە نووسیوتە چییە، ئایا بەتەما نیت لە هەرێمی کوردستان بە چاپیان بگەیەنیت؟**

و: بەپێی پێویست و داخوازی خەڵک، هەر ساڵ فەرهەنگەکان لە هۆڵەند چاپ دەکەمەوە، من حەز دەکەم تەواوی بەرهەمەکانم لە کوردستان چاپ بێت و لەم ڕێگەوە خزمەتێکی هەرچەند بچووک بۆ نیشتمانم بێت، بەڵام بەپێی پێویست و نیازی کۆمەڵگای کوردستان. ئەگەر لە زانکۆکان یان زانستگاکان وانەی فەڕانسەیی یان هۆڵەندی هەیە و خوێندکاران بۆ فێربوونی فەڕانسەیی یا هۆڵەندی پێویستیان بە فەرهەنگی فەڕانسەیی- کوردی، یان کوردی- فەڕانسەیی، یان هۆڵەندی- کوردی، یان کوردی- هۆڵەندی هەیە و بتوانێت لەوێ کەڵکی ببێت، ئەوا لەسەدا سەد چاپکردنیان پێویستە، بەڵام بۆ چاپکردنی ئەم فەرهەنگانە ئەگەر ڕێکخراوێک، یان حکوومەتی هەرێم یارمەتی بدات، جێی دڵخۆشییە و من بە حەزێکی زۆرەوە پێشوازیی لەم چالاکییە دەکەم، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی دەسخۆشی بم، تەنیا ڕازیبوون لە خۆم کە چوار فەرهەنگم پێشکەش بە کۆمەڵگای کوردستان کردووە بۆ من دڵخۆشکەرە.

بۆ کتێبی هۆنراوەکان و بەرهەمەکانی دیکەم زۆرتر بیر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەمەوە و حەز دەکەم لەوێ بڵاویان بکەمەوە، بۆ ئەوەی ئەدەبیاتی نووسینەکانم بە زاراوەی ئەردەڵانی نزیکترە و زۆرتر خەڵکی سنە و دەوروبەری حەز بەو جۆرە نووسینانە دەکەن.

**دواوتەتان چییە؟**

و: دایکی دوو منداڵم، کچێک و کوڕێک، هەر دووکیان خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و لە کاری خۆیاندا سەرکەوتوون و بە چەند زمانی ئورووپایی وەک فەڕانسەیی و ئینگلیزی و هۆڵەندی و دوو زمانی ڕۆژهەڵاتی فارسی و کوردی قسە دەکەن، کچەکەم راوێژکاری ئابووریی یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوە جیهانییەکانە لە فەڕانسە و کوڕەکەشم پلاندارێژە لە بەرنامەی کۆمپیوتەری لە هۆڵەند. هاوسەرەکەم ئەندازیاری بەشی وەرزێڕی و کشتوکاڵە کە ئەویش بە فارسی چەند بابەتێکی لەسەر کاری خۆی لە ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی ئێران بڵاو کردووەتەوە. خۆم ئەندازیاری شیمیم کە لەسەر گەشەکردنی بیرۆکەی نووسەری و نووسینی چوار فەرهەنگ کاریگەریی هەبووە. ئیستا وەک یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی و پشتگیری لە مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوێکی بەرگری لە مافی مرۆڤ لە هۆڵەند کار دەکەم. لە کۆتاییدا سپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم. بە هیوای ئەوەیکە بابەتێکی بەکەڵک بێت بۆ گۆڤار و ڕاگەیەنەکان، هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە دەخوازم.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan No:752 21 June 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

**ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوەو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.**

# ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی جۆزەردانی ساڵی ٩٨ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ئیدارەی ئیتلاعات و ناوەندە حکوومەتییەکانی دیکە:

ماموٚستا "محەممەد ئەدیبی"، ماموٚستای سوننی مەزهەب و خەڵکی گوندی "کەوپێچ"ی شاری بانە، لە لایەن دادیاری لقی ١ی دادسەرای تایبەتی ڕۆحانییەتی شاری هەمەدانەوە، بانگهێشت کرا.

کەمپەینی دادکۆکی لە زیندانییانی سیاسی- مەدەنی، لەو بارەیەوە بڵاوی کردووەتەوە کە هۆکاری ئەو بانگهێشتنامەیە، ئامادەبوون بۆ پێڕاگەیاندنی حوکمەکەی بووە.

چالاکێکی کرێکاریی کورد بە ناوی "خەلیل کەریمی"، دەبێ ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردانی ئەم مانگە، لە لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی شاری سنەدا، ئامادە بێت.

### دەسبەسەرکردن:

ڕۆژی شەممە، ١١ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "پەیام فەیزی"، ٢٨ ساڵە، کوڕی عەبدولقادر، خەڵکی شاری ڕوانسەر، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "عەبدولڵلا ئەحمەدی"، کوڕی فەیزوڵڵا و "زاهید محەممەدی"، کوڕی حوسێن، خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کران

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "عادڵ سالم فەرد"، کوڕی سەنعان، خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و هیچ زانیارییەک لەمەڕ چارەنووسی ناوبراو لەبەر دەستدا نییە.

ڕۆژی سێشەممە، ٢٨ی جۆزەردان، لاوێکی کورد بە ناوی "حەمید بەلخکانلوو"، تەمەن ٢٨ ساڵ، خەڵکی شاری ماکۆ، لە نزیک زانکۆی شاری ورمێ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

حەوتووی ڕابردوو، هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران لە شاری بۆکانی سەر بە پارێزگای ورمێ، هاووڵاتییەکی خەڵکی ئەو شارەیان دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری بۆکان، شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردەی بە ناوی "مستەفا ڕەحیمی" ڕاگەیاندووە.

لاوێکی کورد بە ناوی "فواد وەکاڵەتی" ناسراو بە "فواد ئاگر"، خەڵکی شاری ماکۆ، حەوتووی ڕابردوو لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و لە چارەنووسی ئەو لاوە کوردە، هەتا ئێستا هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە؛

لەم پەیوەندییەدا، تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان لە هەواڵێکدا، باسی لە دەسبەسەرکردنی شەش هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "ئەحمەد سەبزی" خەڵکی شاری بازرگان، "محەممەدسەلیم بەکری" خەڵکی شووت، "بێهزاد خالیدی"، "سەجاد ڕۆستەمی" و "محەممەدحوسێن سەرباز" خەڵکی شاری چاڵدێران، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سپای پاسدارانەوە، کرد. تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان، لەم بارەیەوە بڵاوی کردووەتەوە کە ئەم شەش هاووڵاتییە کوردە، پاش کوژرانی یەکێک لە ئەندامانی سپای پاسداران لە ڕێکەوتی ٧ی جۆزەردانـدا، کە لە ئەنجامی شەڕ و تێکهەڵچوونی هێزەکانی سپای پاسداران لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران لە گوندی "سێگرک"ی شاری چاڵدێران ڕووی دابوو، دەسبەسەر کراون.

### مەحکووم کردن هاووڵاتییان بە زیندان:

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٦ی جۆزەردان، دادگای ئینقلابی شاری سەقز، حوکمی سێ مانگ زیندانیی بەسەر وەرزشوانێکی کورد بە ناوی "میلاد فازڵپوور"، کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی "مەڵقەرەنـ"ی شاری سەقزدا سەپاند.

لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی شەممە، ١٨ی جۆزەردان، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز، "محەممەد فەدەوی"، کوڕی عەبدوڵلا، خەڵکی گوندی "مەڵقەرەنیـ"ی ئەو شارەیان بانگهێشت و هەڕەشەی زیندانیبوونیان لێکرد. "ئیدارەی ئیتلاعات، سەرەڕای پێدانی ئەماننامە بە بنەماڵەی فەدەوی بۆ گەڕاندنەوەی کوڕەکەیان، "محەممەد فەدەویـ"یان، چەند جارێک بانگهێشتی ئیتلاعات کردووە و لێپرسینەوەی لێکراوە و پێی ڕاگەیەندراوە کە لە ئەگەری دادگاییکردنیدا، ٥ ساڵ زیندانیی بە سەردا دەسەپێت."

"پەیمان میرزازادە"، گۆرانیبێژی کوردی بەندکراو لە زیندانی ناوەندیی ورمێ، لە دۆسیەیەکی نوێدا، بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە دژی نیزام و چوونە دەرەوەی نایاسایی لە سنوور"، لە لایەن لقی ١١٠ی دادگای گشتیی "ورمێ"وە، بە دوو ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

ڕەوانە کردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

ڕۆژی یەکشەممە، ١٩ی جۆزەردان، "ئومید شامحەممەدی"، ماموٚستای کوردی خەڵکی شارستانی دیواندەرە، بۆ جێبەجێکردنی حوکمی یەک ساڵ زیندانیی تەعزیری، بۆ زیندانی ناوەندیی شاری سنە ڕاگوێزرا.

### بانگهێشت بۆ دادسەرا و دادگا:

ڕۆژی شەممە، ١٨ی جۆزەردان، "عوسمان ئیسماعیلی"، چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن دادسەرای گشتی و دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بانگهێشت کرا.

ڕۆژی شەممە، ٢٥ی جۆزەردان، "محەممەد ژیان موفتیزادە"، کوڕی "ئەحمەد موفتیزادە"، لەسەر بانگهێشتنامەی فەرمیی ئیدارەی دادگوستەریی شاری سنە، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کرا.

### گوشاری ئیتلاعات و ڕێگری لە بنەماڵەکان:

ماشینی ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کورد، لە دەروازەی چوونە ژوورەوەی شاری کرماشاندا، بۆ ماوەی کاتژمێرێک لە لایەن لیباس شەخسییەکانی هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتەوە، پێشی پێ گیراوە و هێزە لیباس شەخسییەکانیش لێپرسینەوەیان لێ کردوون. هەروەها، ستادی خەبەریی وەزارەتی ئیتلاعات، دەستی بە ڕەوانەکردنی کورتەنامەی هەڕەشەئامێز بۆ بنەماڵەی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران لە شاری کامیاراندا، کردووە.بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم هەوڵەی وەزارەتی ئیتلاعات لە ڕاستای هەڕەشە لە بنەماڵەکانی ئەندامانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران و دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ ئەو بنەماڵانەیە.

هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، سەردانی خانووی بنەماڵەکانی ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران لە گوندی "قوم قەڵا"ی سەر بە ناوچەی شارویرانی مەهابادیان کردووە و ئەوانیان خستووەتە ژێر گوشارەوە. ئیدارەی ئیتلاعات لە کوردستان، لە پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران، داوای کردووە کە دەست لە ئەندامییەتی ئەو حیزبانە هەڵبگرن و بگەڕێنەوە ئێران.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

شەوی پێنجشەممە، ١٦ی جۆزەردان، کاسبکارێکی کورد بە ناوی "سیروان





عەزیززادە"، خەڵکی خەلیفانی نەغەدە، لە ناوچەی چۆمانی سەردەشتدا، بە تەقەی ڕاستەوخۆی نیزامییانی حکوومەت، بەتوندی بریندار بوو.

نیزامییانی حکوومەت، ماشینی ئەم کاسبکارە کوردەیان، بەبێ ئاگادارکردنەوە، داوەتە بەر دەسڕێژیی گوللە و ماشین و کەلوپەلی ناوبراویان زەوت کردووە و لەگەڵ خۆیان بردوویانە.

شەوی چوارشەممە، ١٥ی جۆزەردان، لە ئەنجامی بۆسەدانانی هێزەکانی سپای پاسداران بۆ کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد، یەکێک لە ئەندامانی سپای پاسداران، کە بۆ سیخوڕیکردن لەگەڵ کاسبکاران کۆڵبەریی دەکرد، پێکرا.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "محەممەد حوسێنزادە"، کوڕی عوسمان، خەڵکی گوندی "زەڵێ"ی شاری بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، گیانی لەدەست دا.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی هەینی، ١٧ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "دانیال عەزیزی"، خەڵکی ڕەبەتی سەردەشت، بە هۆی تەقینەوەی مین، لاقێکی لەدەست دا. ئەم کۆڵبەرە کوردە، لە بەرزاییەکانی گوندی "کانی زەرد"، سەر بە بەخشی ناوەندیی سەردەشت، تووشی ئەم ڕووداوە بووە.

دۆسیەی دوو بەرکەوتووی مین بە ناوەکانی "هادی لەگزی و سلێمان ئۆوەیسی"، خەڵکی شاری بۆکان، لە لایەن ئیدارەی بونیادی شەهید و کاروباری ئیسارگەرانەوە ڕەت کراوەتەوە.ئەم دوو هاووڵاتییە، لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی و لە سەردەمی منداڵیدا، بە هۆی تەقینەوەی مین، هەر دوو دەست و هەر دوو چاویان لەدەست دابوو و سەرەڕای تێپەڕینی زیاتر لە ١٠ ساڵ لە بڕیاری کۆمیسیونی مادەی ٢ی فەرمانداریی شاری بۆکان، سەبارەت بە بەفەرمیناساندنی ئەو دوو هاووڵاتییە وەکوو کەمئەندام، ئەو دۆسیە ڕەوانەی بونیادی شەهیدی حکوومەتی ئێران کردووە.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان لە کوردستان:

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی جۆزەردان، کچێکی لاو بە ناوی "سۆما خدری"، کچی محەممەد، خەڵکی گوندی "کێلوێـ"ی شاری بانە، بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.ئەم کچە لاوە لە ڕێگای خواردنی "حەبی برنجـ"ەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی جۆزەردان، ژنێکی لاو بە ناوی "ژیلا موزەفەری"، تەمەن ٢٥ ساڵ، کچی عارف، خەڵکی گوندی "پشتە"ی سەر بە شاری کامیاران، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا؛ ئەم هاووڵاتییە کوردە، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

دەوترێت کە ئەم ژنە کوردە، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

ڕۆژی هەینی، ٢٤ی جۆزەردان، ژنێکی تەمەن ٣٢ ساڵە بە ناوی "شیوا خوسرەوی"، کچی "وەلی"، خەڵکی باینگانی سەر بە شاری پاوە، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ئەم ژنە کوردە، بە خواردنی "حەبی برنج"، دەستی داوەتە خۆکوژی و تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری شاری کرماشان کراوە.

ڕۆژی شەممە، ٢٥ی جۆزەردان، ژنێکی لاو بە ناوی "کیمیا شێخانی"، کچی ئەحمەد، خەڵکی گوندی "گوڕگاوێـ"ی شاری شنۆ، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لە هەمان ڕۆژدا، لاوێکی بۆکانی بە ناوی "ئەرسەلان ڕەحیمی"، بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە، لە گەڕەکی "دامداران"ی شاری بۆکاندا، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ژنێکی خەڵکی شاری پیرانشار بە ناوی "ڕووناک گوڵابی"، کچی عەبدوڵلا، پاش تێپەڕینی دوو حەوتوو لە خۆسووتاندنەکەی، بە هۆی زۆریی ڕێژەی سووتاوییەکەیەوە، لە نەخۆشخانەی ورمێدا گیانی لەدەست دا.

لە ماوەی ئەم دوو حەوتوویەدا، ٢٥ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ ڕوویداوە کە بریتین لە دەسبەسەرکردنی ١٣ کەس، بانگهێشت بۆ دادگا ٢ هاووڵاتیی و هەروەها ماموٚستایەکی کورد، ڕەوانەی زیندان کرا، هەروەها دوو هاووڵاتیی بە ٢ ساڵ و سێ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم و هاووڵاتییەکی دیکەش، بە هەڕەشەی ئیتلاعات لە ئەگەری مەحکووم کردنی بە ٥ ساڵ زیندانی.

هەروەها، لەم ماوەیەدا، ٢ کاسبکار و کۆڵبەری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان،کوژراو و بریندار بوون و لە لایەکی دیکەوەشەوە، سیخوڕێکی حکوومەتی بە مەبەستی ڕاپۆرتدان لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی کورد، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی پێکرا.

هەروەها لەو ماوەیەدا، ٦ هاووڵاتیی ژن، کچ و کوڕ و لە کوردستان بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی، دەستکورتی و بنەماڵەیی کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە. لە کۆی ئەو شەش کەسە، ١ کوڕ، کچێک و ٤ ژن بوون.

سەرجەم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دوو حەتووی ڕابردوودا، بە پێی ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ٢٥ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ وێڕای ٦ حاڵەتی خۆکوژی تۆمار کراوە.